# کاریگەریی هزری سەربازیی ڕۆمانی لەسەر داینامیکی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کات و دوای خزمەتکردنی سەربازیدا (١٠٧ پ.ز - ٣٠٥ ز)

**فرصة احمد حسین[١]، کامران محمد جلال[٢]**
[١]بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢]بەشی مێژوو، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (کاریگەریی هزری سەربازیی ڕۆمانی لەسەر داینامیکی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کات و دوای خزمەتکردنی سەربازیدا ١٠٧ پ.ز - ٣٠٥ ز)، توێژینەوەیەکی مێژوویە، تیشک دەخاتە سەر کاریگەریی هزری سەربازیی ڕۆمانی لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتیی سوپای ڕۆمانی و داینامیکی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کاتی خزمەتکردنی سەربازی و دوای خزمەتکردن، کە سەرباز کۆڵەگە و ڕەگەزە سەرەکییەکەی بو، لە هەمان کاتدا خاوەن پاشخانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکەی بووە، بە تایبەت جیهانی ڕۆمانی کۆمەڵگایەکی تەواو پلەبەندی بو، بۆیە هەمو ئەو تێڕوانینە سەربازییانەی دەسەڵاتدارانی ڕۆمانی، کاریگەرییان لەسەر پێکهاتەی سوپا و داینامیکی ژیانی بنەماڵەی سەربازان هەبوە. لەم توێژینەوەیەدا، بە سودوەرگرتن لە تیۆری پێکهاتەسازی، کە لەلایەن ئەنتۆنی گیدێنز باسی لێوەکراوە، بەپێی تیۆرەکە، نابێت پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ژیانی تاک وەک دو بەرەی جیا سەیربکرێت، یەکێکیان پێش ئەوی دیکە بێت، لەبری ئەوە دوانەیەک پێکدەهێنن، هەریەکەیان پێشمەرج و بەرهەمی ئەویترن، بەو پێیەی سوپا وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵگە و سەرباز وەک تاک و پێکهێنەری پێکهاتەی سوپا و کۆمەڵگە. بە سودوەرگرتن لە تیۆری ئاماژە پێکراو، هەوڵدراوە وەڵامی ئەم پرسەمان دەستکەوێت، کە چۆن هزری سەربازی کاریگەریی لەسەر پێکهاتەی سوپا و داینامیکی ژیانی کۆمەڵایەتی سەرباز و پەیوەندیی نێوان کارلێکی تاکەکەسی و ڕەفتارەکانی ئاستی گروپەکان هەبوە؟ ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی هزری سەربازییە لەسەر بونیادی پێکهاتەی سوپا، هەروەها سەرباز وەک پۆلێکی کۆمەڵایەتی پێکهێنەری سوپا و تا ڕادەیەک دەرچونی وەک چینێکی نوێی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە.

**وشە سەرەکییەکان:** کۆمەڵگە، ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، سەربازی ڕۆمانی، ژیانی کۆمەڵایەتی، سوپا.

## ١. پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (کاریگەریی هزری سەربازیی ڕۆمانی لەسەر داینامیکی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کات و دوای خزمەتکردنی سەربازیدا ١٠٧ پێش زایین - ٣٠٥ ز)، توێژینەوەیەکی مێژوویە، لێکۆڵینەوە لە بونیادی کۆمەڵایەتیی سوپای ڕۆمانی و بەدواداچون بۆ کاریگەریی هزری سەربازیی ڕۆمانی لەسەر داینامیکی ژیانی کۆمەڵایەتی لەناو سوپادا لە کاتی خزمەتکردنی سەربازی و دوای خزمەتکردن لەو قۆناغە مێژووییەدا دەکات، چونکە لەو ماوەیەدا زاڵبونی دامەزراوەی سەربازی بەسەر حوکمڕانی و سیاسەت و کۆمەڵگادا تێبینی کراوە، باس لە پێگە و ژیانی کۆمەڵایەتیی سەرباز لە دەستپێکی خزمەتکردنی سەربازی تا دەرچونی و گەڕانەوە بۆ ژیانی مەدەنی دەکات. هەروەها لێکۆڵینەوە لە ڕێوشوێن و گۆڕانکاری و کاریگەرییەکانی وەرگرتنی هاووڵاتیانی بێزەوی لە سوپادا دەکات و ڕۆشنایی دەخاتە سەر ژیانی بنەماڵەیی سەربازەکان وەک ڕەگەزێکی گرنگی پێکهێنەری بونیادی سوپا و کۆمەڵگەی ڕۆمانی. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنی پرسی کاریگەرییەکانی هزری سەربازیی سوپای ڕۆمانییە لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتیی سوپای ڕۆمانی و داینامیکی ژیانی کۆمەڵایەتی لەناو سوپادا لە کاتی خزمەتکردنی سەربازی و دوای خزمەتکردن. پشتبەست بە ڕێبازی مێژوویی، ئایا ئەم سیاسەتە سەربازییە چ کاریگەریی لەسەر پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگە و پێکهاتەی سوپای ڕۆمانی هەبوە؟ کاریگەری و ڕۆڵی سەرباز دوای دەرچون و گەڕانەوە بۆ ناو کۆمەڵگە چۆن بووە؟

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ١ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٦ ئەیلوول ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ١٥ تشرینی یەکەم ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٦ حوزەیران ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: farsat.hussin@soran.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ فرصة احمد حسین و کامران محمد جلال، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp132-146

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە تیشک دەخاتە سەر کاریگەری و کارلێکی پەیکەربەندی سوپا و کۆمەڵگە و داینامیکی ژیانی کۆمەڵایەتی لە سوپای ڕۆمانیدا، وەک بەرئەنجامی بیرکردنەوە و تێڕوانینی سەربازیانەی دەسەڵاتدارانی ڕۆمانی. بەدڵنیاییی توێژینەوەکە بەبێ ئاستەنگ نەبوە، دیارترینیان سروشتی نوسراوە ئەدەبییەکانی مێژونوسانی کۆنە، چونکە زیاتر پشتیان بە گێڕانەوەیەکی لایەنگیرانە بۆ ڕوداوە مێژوییەکان بەستووە و کەمتر هۆکارەکانیان باسکردووە، ئەمەش بۆ بابەتێکی هزریی وەک ئەمە ئەستەم بو، بۆیە وێڕای سودوەرگرتن لێیان، هەوڵدراوە بگەڕێینەوە لای زۆرترین توێژەرانی سەردەم، ڕەنگە یارمەتیدەرمان بن بۆ باشتر تێگەیشتن.

توێژینەوەکە لە دو باس پێکدێت: لە باسی یەکەمدا بەناوی (بونیادی کۆمەڵایەتیی سوپای ڕۆمانی)، بەدواداچون بۆ پەیوەندیی نێوان پەیکەری کۆمەڵایەتیی سوپا و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ڕۆمانی دەکات، ئینجا پەیوەندییەکی ململانێ بوێت یان هاوئاهەنگی، هەروەها باس لە داینامیکی ژیانی کۆمەڵایەتی و خێزانی سەرباز کراوە، کە چۆن کاریگەریی لەسەر ژیانی سەرباز لە ژینگە نوێیە کۆمەڵایەتییەکەی لە کەمپ و سەربازگەکانی دور لە زێدی ڕەسەن و ژیانی ئاسایی و مەدەنیی پێشوتریان هەبوە، هەروەها ئاڵنگاری و لێکەوتەکانی بە تێپەڕبونی کات لێکۆڵینەوەی لە بارەوە کراوە. لە باسی دووەمدا، بە ناونیشانی (گۆڕانی پێگە و پلەبەندی کۆمەڵایەتی)، تیشک خراوەتە سەر پلەبەندی و گۆڕانی پێگەی سەرباز، بەتایبەت لەناو سوپادا پلەی سەربازیی جیاواز هەبو، کە لە ڕێگەیەوە دەسەڵاتی زیاتر و سود و دەرفەتی ماددی هەبو، کە پلە یان پێگەی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی سامان و ئیمتیازاتی سیاسییەوە دەردەبڕدرا، پاشان ئاماژە بە دەرچون لە ڕیزەکانی سوپا و گەڕانەوە بۆ ژیانی مەدەنیی سەربازەکان، وەک گەشەسەندنی چینێکی تارادەیەک جیاواز کراوە، بەتایبەت ئەم جوڵە و پلەبەندییەی سوپای ڕۆمانی لێکەوتەی گەورەی لەسەر گەشەسەندنی کولتوری و ئابوریی کۆمەڵگە هەبوە.

## باسی یەکەم: بنیادی کۆمەڵایەتی و خێزانیی سەرباز

### یەکەم: بنیادی کۆمەڵایەتیی سوپای ڕۆمانی

سەرەتا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە جۆرێک وابەستەیی و لێکدانەبڕوای لە نێوان دامەزراوەی سەربازی و کۆمەڵگە هەیە، چونکە سەرباز و سەربازە دێرینەکان بەشێکی گرنگ و پێکهێنەری پەیکەری کۆمەڵایەتیی فراوانی جیهانی ڕۆمانین، کە بریتییە لە ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی لێیەوە دەستیان بە خزمەتکردنی سەربازی کردووە و لەگەڵ دەرچونیان (تسریح) دوبارە ئاوێتە و تێیدا نیشتەجێدەبن.

بۆ ڕاڤەکردن و شیکارییەکانی ئەم توێژینەوەیە، هەوڵەکانمان لەسەر بنەمای بیرۆکەکانی تیۆری پێکهاتەسازی بنیاتناوە، کە ئەم تیۆرە بەشێکە لە چوارچێوەی دەستوری کۆمەڵگە، لەلایەن ئەنتۆنی گیدێنز خراوەتەڕو، بەپێی تیۆرەکە، نابێت پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ژیانی تاک وەک دوبەرەکی سەیر بکرێت، یەکێکیان پێش ئەوی دیکە بێت، لەبری ئەوە دوانەیەک پێکدەهێنن، هەریەکەیان پێشمەرج و بەرهەمی ئەوی ترن، هەروەها بە بڕوای ناوبراو 'پێکهاتە' نەک تەنها ئاماژەیە بۆ ئەو یاسایانەی کە پەیوەندییان بە بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە هەیە؛ بەڵکو ئاماژەیە بۆ سەرچاوەکانیشی (Giddens, 1984: 23-26). ڕیڤێل، ئەم تیۆرەی وردتر کردۆتەوە، بەوەی تیۆری پێکهاتەکردن، یان تیۆری پێکهاتەسازی، ڕێگەیەکی بەهێز بۆ تێگەیشتن لە کردار و کارلێکی مرۆڤ دابین دەکات، و چۆن ئەمانە خۆراک بە بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵگە دەدەن، ئەمەش لە چوارچێوەی کۆمەڵێک ڕەفتاری گونجاو لە چالاکییەکانی ڕۆژانەیاندا، لە بەرامبەردا ئەم چالاکییە ڕۆژانەییانە، کە بە شێوەیەکی ڕۆتینی ئەنجام دەدرێن، پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان زاوزێ دەکەنەوە و لە کۆتاییدا خودی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان نوێ دەبنەوە (Revell, 2009: 10). لە سۆنگەی تیۆری گیدینز و شیکردنەوەی توێژەر ڕیڤێل، دەگەینە ئەو تێگەیشتنەی کە تیۆری پێکهاتەسازی تیۆرێکی کرداریی کۆمەڵایەتییە، بانگەشەی ئەوە دەکات کۆمەڵگا دەبێ لە ڕوی کردار و پێکهاتەوە تێبگەین؛ دوانەیەک نەک دو بونی جیاواز، کە هەڵسوکەوتی تاکەکان تایبەتمەندییە پێکهاتەییەکانی دەستەجەمعییە گەورەکان (کۆمەڵ) بەرهەم دەهێنێتەوە[(١)].

لە سەر بنەمای لایەنی تیۆری، کە لەسەرەوە خستانەڕو، هەوڵدەدەین لە وەڵامەکە نزیک ببینەوە، کە بەدواداچون بۆ پەیوەندیی سەرباز وەک تاک لەگەڵ بوارەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگە وەک چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و کاریگەرییە گشتی و تایبەتەکانی هزری سەربازی دەکات، بەتایبەت سوپا وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵگە و سەرباز وەک تاک و پێکهێنەری هەردوکیان، وەک گیدنیز لە ناوەرۆکی تیۆری پێکهاتەسازی، چەمکەکانی پێکهاتە و سیستەم، دوانەی پێکهاتە دەخاتەڕو هەروەها ڕونی دەکاتەوە، کە پێکهاتە لەلایەن زۆرینەی شیکارانی کۆمەڵایەتییەوە وەک جۆرێک لە ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان یان دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت (Giddens, 1984: 16). لێرەدا، گرنگە پێناسەیەکی پەیوەست بە بابەتەکە بخەینەڕو، کە بە گوێرەی توێژەر میلیس، دەتوانرێت پەیوەندیی مرۆڤ بە کورتی وەک ئەرکێکی کۆمەڵایەتیی بنەڕەتی پێناسە بکرێت، کە لە کۆتاییدا کارلێکی نێوان دو کەس یان زیاتر لەخۆدەگرێت. لەوانەیە لە ڕێگەی هەردو هێمای زارەکی و نازارەکییەوە گەشە بکات و بەزۆری ئامانجیەتی کاریگەری لەسەر بیروباوەڕ یان ڕەفتاری کەسێکی دیکە هەبێت (Miles, 2000: 29).

بۆچونێک هەیە، کە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەر کۆمەڵگەیەک بە شێوەیەکی بەرچاو پەیوەستە بە ڕێکخستنی سەربازیی ئەو کۆمەڵگەیە، قەبارەی هێزە چەکدارەکانی کۆمەڵگەکە، چۆنێتیی دامەزراندنیان و چۆنیەتیی کارکردنیان، بە تایبەتی پلەی چینی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگایەکدا پەیوەندییەکی نزیک، بە ڕادەی بەشداریکردن لە چالاکییە سەربازییەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایەدا هەیە (Patterson, 1993: 94). ڕۆمانەکانیش وەک هەر کۆمەڵگایەکی تر، پێویستیی هەبونی سوپا تایبەتمەندییەکی سەرەکیی کۆمەڵگاکەیان بو. دەبێت بابەتە سەربازییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە نزیکەی هەمو لایەنەکانی ژیانیان هەبوبێت، بۆیە پێویستە بپرسین ئەم دۆخە چ کاریگەرییەکی لەسەر کۆمەڵگەی ڕۆمانی و پەیوەندیی تاکەکانی هەبوە؟ و لەسەر هەردو تاکی ڕۆمانیی

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp132-146

دەستەبژێر (نوخبە)[٢] و نا دەستەبژێر (Orlin, 2021: 321). لە کاتی قسەکردن لەسەر پێگەی ئابوری-کۆمەڵایەتیی سەربازە ڕۆمانییەکان، پێویستە ئەوەمان لەبیربێت کە لایەنەکانی پێگەی کۆمەڵایەتی، ئابوری و یاسایی ئەوان، پەیوەندییەکی نزیکیان بە سیستەمی چینایەتیی دامەزراوەوە هەبوە، هەر ئەم هەلومەرجەیە کە جێپەنجەی خۆی لەسەر تەواوی مەودای پەیوەندییە کۆمەڵایەتی-ئابورییەکانی نێوان سوپا و کۆمەڵگا بەجێهێشت (pavlov, 2013: 12). بناغەی ئەم دابەشکارییە بۆ پاشا سێرڤیۆس تولیۆس دەگەڕێتەوە، کە بەپێی دەستوری ناوبراو کۆمەڵگەی ڕۆمانیی بەسەر گروپە کۆمەڵایەتیە- ئابورییە دیاریکراوەکاندا دابەشکرد، کە بنەمای دامەزراندنی سەربازی بون (Phang, 2011: 113).

بۆیە بونیادی کۆمەڵگەی ڕۆمانی بە هۆی چینایەتییەوە ئاڵۆزە و لە بەریککەوتن دور نەبوە، بۆ نمونە ئەگەر بە کورتی جەختکردنەوەی زیاتر لەسەر لایەنێکی دیکەی ئەزمونی ڕۆمانییەکان بکەینەوە؛ لە ئەفسانەی مەدەنیشیاندا بەرجەستە بووە، کە شەڕانگێزی ڕەنگە هاوکاری بەدوای خۆیدا بهێنێت. چیرۆکی ژنە ڕفێندراوەکانی هۆزی سابین لە شوێنێک کۆتایی نەهات، شەڕی توند لەگەڵ گەلانی دراوسێی دژبەر بەردەوام بو، ناکۆکییەکە تەنیا کاتێک چارەسەر بو، کچەکان خۆیان بونە نێوەندگیری نێوان هاوسەرە ڕۆمانییەکانیان و باوک و برا تورەکانیان، بە بانگەوازەکانیان بۆ هەردو لایەن، ئاشتەوایی لە نێوان خێزانە نوێ و کۆنەکانیاندا هێنایە ئاراوە و توانییان هاوپەیمانییەک دروست بکەن، بناغەکانی کۆمەڵگەی ڕۆمانیی بەهێزتر کرد و هاوکاریی ئاشتیانەی بەرهەمهێنا (Bang, 2012: 198-199)، ڕاستە پایەکانی تۆکمەترکرد، بەڵام ململانێی چینایەتی بەشێکی دانەبڕاو بووە، بۆنمونە ئەو گۆڕانە سیاسییەی لە پاشایەتییەوە بۆ کۆماری هاتە ئاراوە لەو ململانێیە بەدەر نەبوە، لە ڕاستیدا نوسەرانی کۆماری پاڵنەرەکانی ڕاپەڕین دژی پاشا تارکینیۆس ٥٣٤-٥٠٩پ.ز بە شێوەیەکی گشتی وەک تورەیی دەادەنێن، کە بەهۆی دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتێکەوە دروستبووە، بەڵام ئارمسترۆنگ پێی وایە دەشێت وەک ڕێگەیەک سەیر بکرێت کە خانەدانەکان چاویان لەدەسەڵات بوبێت (Armstrong, 2016: 147). ئیتر لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتیشدا، بە شێوەیەکی هاوشێوە ئەفسانەی ڕۆما بو بە ئەفسانەی ئیمپراتۆریەت، ئۆگستۆس (٢٧پ.ز-١٤ز) لە ڕێگەی زمانێکی ڕەمزیی وردەوە بانگەشەی دەسەڵاتی خۆی پشتڕاستکردەوە، کە حوکمڕانییەکەی وەک سەردەمێکی زێڕینی نوێ پێشکەش دەکرد، و پەیوەندییە گوماناوییەکانی نێوانیان بە ڕابردویەکی ئەفسانەی ڕۆمانییەوە قۆستەوە، پاشان ئەم ئایدۆلۆژیای ئیمپراتۆرییە لەناو هەرێمەکاندا وەرگیرا، تەنانەت کاریگەرییەکەی لە کارە هونەری و تەلارسازییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە (Revell, 2009: 106). ژیانی هاووڵاتییەکی ئاسایی ڕۆمانی بە سەربازییەوە بەسترابو، تەنانەت کەسانی ئاسایی تا ڕادەیەک سودمەند بون لەو شەڕە بەردەوامەی ڕۆما، چاوەڕوان دەکرا هەمو هاووڵاتیانی ڕۆمانی لە سەربازیدا خزمەت بکەن (Orlin, 2021: 330)، هاووڵاتیانی ڕۆمانی لەسەر بنەمای سامانەکانیان چینبەندکران و خرانە ناو ڕیزی سوپاوە، بەو پێیەی چاوەڕوان دەکرا هاووڵاتیان ئامێری سەربازیی خۆیان دابین بکەن، سەرژمێری بەپێی چینەکانی کۆمەڵگە ڕۆڵی تاکەکانی لە سەربازیدا دیاری دەکرد، دەوڵەمەندترینەکان لەبەر ئەوەی توانای خاوەندارێتیی ئەسپیان هەبو، وەک سوارە خزمەتیان دەکرد، لە کاتێکدا گروپی دواتر وەک هێزی پیادەی چەکداری قورس و بەشێکی زۆری سوپاکەیان پێکدەهێنا. چینەکانی دیکە وردە وردە کەمتر چەکدار بون و دوا چینیش لە چەندین ڕۆڵی ناشەڕدا خزمەتیان دەکرد (Orlin, 2021: 323).

لە ڕوی پێکهاتەی ڕێکخراوەییەوە، پێوەرەکانی دامەزراندنی سەربازی ڕۆمانی ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگەی ڕۆمانی بو، وەرگرتنی گەنجان لەناو سوپا نەک تەنها لەسەر بنەمای توانای جەستەیی بو، کە هێشتا مەرجی پێشوەختەیە بۆ خزمەتکردنی سەربازی ئەمڕۆکە؛ بەڵکو لەسەر بنەمای پێگەی کۆمەڵایەتی و یاساییشیان بو. ئەوە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان بون، ئەو یەکەیەی دیاری دەکرد کە هەر پیاوێک بۆی دیاری کراوە تێیدا خزمەت بکات، تەنیا لە کاتی قەیرانەکان و پێویستییەکی بەپەلە لە یاساکانی پێگەی کۆمەڵایەتی لایاندەدا (Herz, 2007: 306). بۆیە کاتێک باس لە کاریگەریی هزریی سەربازی لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگە بەگشتی دەکەین، بێگومان دەبێت ئەوە بزانین، سوپا لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بەدەرنییە، لە نێوانیشیاندا سوپای ڕۆمانی، وەک چۆن سەرەتاکانی ڕێکخستنی سەربازی بۆ دەوروبەری ساڵی ٤٠٠ پێش زایین دەگەڕێتەوە، لەژێر"چاکسازییەکانی سێرڤی" دا(Reforms Servian)، کە مەرجەکانی بۆ خزمەتکردن لەپاڵ دارایی کەسی و تەمەن لەسەر بنەمای پێگەی کۆمەڵایەتی بو (Nagy, 2014: 6). بە وردبونەوە لە چاکسازییەکانی پاشا سێرڤیۆس تولیۆس، نەک تەنها گۆڕانکاری لە چۆنیەتیی وەرگرتن و تەیارکردنی سوپای ڕۆمانی سەرەتایی بو، بەڵکو دابەشبونە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕەنگە ئایینییەکانی کۆمەڵگەی سەرەتاییی ڕۆمانیشی گۆڕیبێت (Livy, Book 1.42-43). هەروەها پێویستە لەبیرمان بێت، لە سەرانسەری سەردەمی کۆماردا ئەو سەربازانەی لە پێناو ڕۆمادا شەڕیان دەکرد، هاووڵاتی خۆی بون، بەرگریکردن لە دەوڵەت بۆیان، هەم ئەرک و بەرپرسیارێتی، هەم ئیمتیازێک بوو(Keppie, 1984: 6 ). بەو مانایەی شەڕ بوو بە چالاکییەکی مەدەنی و شەڕکردن لە سوپای کۆماردا ئەرکێک بو کەوتە سەر هەموان جگە لە هەژارترین هاووڵاتیانی (Rich, 2007: 20). لە کۆتایی سەدەی چوارەمی پێش زایینەوە کە شار-دەوڵەتی ڕۆمانی هێواش هێواش دەستی بە دەرکەوتن کرد، شەڕ بەردەوام بووە، لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆیدا، هیچ دەوڵەتێکی تر نەیتوانی هاوتای ڕۆما بێت لە توانای کۆکردنەوەی هاووڵاتیانی لە سوپادا بۆ ساڵانێکی بەردەوام (Bang, 2012: 200). یەکێک لە لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە جەخت لە شەڕانگێزیی ڕۆمەکان لە سەردەمی کۆمار دەکاتەوە؛ ئاماژەی بەوە کردووە کە کۆمەڵگاکەیان بۆ شەڕ و بەدواداچون بۆ شکۆمەندیی سەربازی ئامادە بووە (Cornell, 1993:141). کەواتە شەڕ بەشێک بو لە ئەزمونی ئاسایی هەمو تاکێکی ڕۆمانی، بەشێکی دانەبڕاو بو لە پەیکەری کۆمەڵگەکەی. دامودەزگاکانی کۆمار خاوەنی سیما و ئەرکێکی سەربازی بون، ئایین و بەها کولتوری و ئەخلاقییەکانی پڕن لە ڕۆحێکی سەربازیانە (Cornell, 1993:156). بۆ نموونە شانۆ تەنیا بینایەک نەبوو

بۆ نمایشەکان؛ بەڵکو بەرهەمهێنانەوەی نەزمی ئەخلاقی شارەکە بو لە فۆرمێکی ڕەمزیدا. لە ڕۆما، شانۆ، شوێنی نمایشکردنی گشتیی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی نێوان دەوڵەمەند و هەژارەکان بون، دابەشکردنی شوێنی دانیشتن بە یاسا ڕێکخرابو، وێنەیەکی پلەبەندیی نیشاندەدا (Whittaker,1997: 146).

سەربازەکان لە سوپای ڕۆمدا هۆکاری جەوهەریی پشت پێگەی باڵادەستیی ڕۆما بون و لەدەستدانی مەترسییەکی گەورەی دروست دەکرد. کاتێکیش هێزی مرۆیی کەمبووە، یان ڕاستتر بڵێین پێویستیی زیاتری دروستکرد، لە نیوەی دووەمی سەدەی دووەمی پێش زایین، تیبریۆس گراکوس١٦٢-١٣٣پ.ز، پێشنیازی پرۆژەیاسای دابەشکردنی زەویی بۆ پرۆلیتاریا هەژارەکان کرد بۆ ئەوەی بەرزیان بکاتەوە بۆ چینەکانی موڵک و ماڵی، بەو هیوایەی جارێکی دیکە ئەم پیاوانە شایستەی وەرگرتنی سەربازی بن. هەرچەندە هەوڵەکەی گراکۆس شکستی هێنا، بەڵام بێ بەها نەبو، ئەو ڕێبازە ئیلهامبەخش بو بۆ کۆنسوڵی ڕۆمانی کایۆس ماریۆس١٠٧-١٠٠پ.ز، پێشنیازی چەندین چاکسازیی سەربازیی کرد کە دواجار کێشەکەی، بەبڕوای هەندێ کەس، لە ڕەگ و ڕیشەی خۆیدا چارەسەر کرد ( Cui, 992 :2021). سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان سوپا و کۆمەڵگە، ئەمە کاریگەریی دژبەیەک (پارادۆکسیک)ی هەبو، بنکەی دامەزراندنەکەی فراوانتر کرد، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو بۆشاییەی فراوانتر کرد، کە لە کۆمەڵگەی مەدەنی جیای دەکاتەوە. لە ماوەی سەدەی یەکەمی زایینیدا لەشکرەکان زیاتر و لە کۆتاییدا نزیکەی تەنیا لە پارێزگاکاندا وەرگیران، هەروەها سوپا لە ڕوی جەستەییەوە لە باقی کۆمەڵگا جیا بووەوە، لە سنوورە دورەکاندا جێگیر بو کە بونە ناوچەی سەربازی، کە تایبەتمەندیی تایبەتی خۆیان هەبو، کاریگەریی ئەم پێشهاتانە ئەوەبو، ئیتالیا و پارێزگاکانی ناوەوەی ئیمپراتۆریەتەکە وردە وردە لە چەکداماڵین و نەریتی شەڕخوازانەی گەلی ڕۆم لە بونیان کاڵ بونەوە، واتە ڕۆحی جەنگاوەر تەنیا لە فۆرمێکی شێواو و دەستکرددا مایەوە (Cornell, 1993:164-165). بۆیە سەربازەکان وەک گروپێک لە خەڵکی مەدەنی جیاکرانەوە. ئەم دابڕانە بەهۆی ئەو ئیمتیازات و سنوردارکردنە تایبەتانەی کە سەربازەکانی دەگرتەوە، بەهێزتر بو، سودەکانی بریتین لە پارەدانی بەردەوام، دابینکردنی سەرەتاییی خۆراک، جلوبەرگ و شوێنی نیشتەجێبون، و چاودێریی پزیشکی بە بەراورد بە باشیی چاودێری، جگە لەوەش ئیمتیازاتی یاسایی، سەربازەکانیش دەگرێتەوە (Hoss, 2014: 28-29)، بەڵام ئەم جیابونەوەیە وێنەیەکی تری کۆمەڵگە بو، ئەو ڕاستییەی وەک لە هەمو سوپاکاندا، پلە جیاوازییەکی کۆمەڵایەتی بووە و نیشانەرێکی تەواو کارایی بووە. ئەو ڕاستییە بە مانای ئەوە دێت کە بەیانیەک لە ئۆردوگایەکی ڕۆمانیدا زۆر لە بەیانیی شارێکی ڕۆمانی دەچو، سەربازەکان بەشدارییان لە سڵاوکردنی سەدەکان کرد، سەدەکان لە سڵاوکردنی تریبونەکانی سەربازی، هەمو ئەفسەرەکان لە سڵاوی فەرماندەی لەشکر ( Lendon, 1997: 247)، تەنانەت دیۆ کاسیۆس، وەک نوسەرێکی کۆن جەختی لەسەر جیابونەوەی سەربازی ڕۆمانی لە خەڵکی مەدەنی کردۆتەوە (Dio, 52. 27.1-5).

بەپێی ئەوەی لەسەرەوە باسکرا، بونیادی پێکهاتەی سەربازیی سوپا، پشتئەستورە بە پاشخانی کۆمەڵایەتی-ئابوری، لە هەلومەرجی ئاساییدا، ئەو تاکەی شایستەی ئەندامێتیی سوپا بو، لە خاوەنزەوی پێکهاتبو، بە دڵنیاییەوە جۆرەکانی تریش هەبون و خاوەنداریێتی و سامان و موڵک گرنگ بون. بونی داهات، کاری بازرگانی، بەڵام ئەوەی زۆرترین ڕۆڵ و حساببۆکراو بو، بریتی بو لە زەویوزار، کە دواجار وەک سەرچاوەی هەمو جۆرە سامانێک ئەژمار دەکرا. بۆیە کاتێک لە ڕوی سەربازییەوە بڕیار لەسەر گۆڕانکارییەک دەدرا، کاریگەریی لەسەر بارەکەی تری دەبو، بۆ نمونە کاتێک تەنها ئەو هاووڵاتیانە دەیانتوانی خزمەت بکەن کە خاوندارێتیی زەویوزاریان دەکرد، ئەوا ڕەنگە بۆ سەردەمێک کە تەنها شەڕەکان کاتی و لە دەوروبەری شاری ڕۆما و ئیتالیا بە گشتی بون، ئاسایی بوبێت، چونکە کاریگەریی لەسەر کشتوکاڵ و بەڕێوەبردنی کارەکانیانی نەکردووە، بەڵام کاتێک شەڕەکان دور و درێژخایەن بون، پێویستی بە مانەوە و هێزی مرۆیی زیاتر بووە، ئەوا ئەستەم بو لەیەک کاتدا سەربازی و جوتیاری بکرێت، بێگومان ژمارەیەکشیان لە شەڕەکاندا دەبونە قوربانی.

## دووەم: ژیانی کۆمەڵایەتیی سەربازەکان (هاوسەرگیری و خێزان)[٣].

بەگشتی توێژینەوە سەربازییە ڕۆمانییەکان بە شێوەیەکی نەریتی سەرنجیان لەسەر پرسەکانی ئاستی دەوڵەت بووە، کە لە دەوروبەری تاکتیکی شەڕ، پلەبەندی ئەفسەرەکان و ڕێکخستن و دانانی یەکەکاندان بووە، تا دەرەنگانێک ژن و خێزان و کەسانی ناشەڕکەر لە مێژوی سەربازیی ڕۆماندا جێگەیان نەبوە یان کەمتر کاری لەسەر کراوە، بەڵام پێویست بووە شەنوکەو بکرێت، بەو پێیەی ژیانی سەربازێکی ئاسایی لە سوپای ڕۆمانیی سەدەی یەکەم و دووەمی زایینیدا زیاتر لە کەمپدا بەسەر دەبرد نەک لە شەڕدا، بۆیە زۆر گرنگە لە لایەنی کۆمەڵایەتیی ژیانی سەربازی ڕۆمانی تێبگەین (Greene, 2020: 149)، بە تایبەتی خزمەتکردنی سەربازی بەشێک بوو لە ئەرکی هاووڵاتییەکی نێر و پێدەچێت بەشێکی زۆر لە هاووڵاتیان لە سەردەمی سەرەتا و ناوەڕاستی کۆمار، لە سوپادا خزمەتیان کردبێت، لە سەرەتای سەردەمی کۆماری، کاتێک سوپا خزمەتێکی زۆری دەکرد بۆ ڕوبەڕوبونەوەی هەڕەشەی ڕاستەقینە یان بە دیدی خۆیان لە پێناو سەلامەتیی خودی ڕۆما، بەرگریکردن لە شار و هاووڵاتیان دەتوانرا وەک کارێکی بەکۆمەڵ بۆ پاراستنی ئازادیی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی سەیر بکرێت (Alston, 2013: 209-210).

دوای ئەوەی ئیمپراتۆر ئۆگستۆس ٢٧پ.ز-١٤ز چوارچێوەی دامەزراوەیی بۆ سوپایەکی پیشەیی دامەزراند، زۆربەی سەربازەکان بۆ ماوەی تەواوی خزمەتیان لە ئیتاڵیا دور دەکەوتنەوە، ئەو ماوەیە خۆی درێژکرایەوە، دەتوانرا چاوەڕوان بکرێت کە سەرباز بیست ساڵ لە پارێزگاکاندا خزمەت بکەن و تەنانەت زۆرێکیان نەیانتوانی لەکاتی گونجاودا دەرچون بەدەستبهێنن و ژمارەیەکیان لە ماوەی خزمەتدا دەمردن. ئەم جیابونەوە جوگرافییە بەهۆی جیابونەوەی یاساییەوە بەرزتر بووەوە، سەربازەکان ڕێگەیان پێنەدەدرا هاوسەرگیری بکەن، بەو گریمانەیەی کە ئەمە ڕێسایەکی ئیمپراتۆر ئۆگستۆسە (Alston, 2013: 212). جێگای سەرنجە لەگەڵ ئەوەی سەربازەکانی لە

پرۆسەی هاوسەرگیری قەدەغەکرد، کەچی دوای شەڕە ناوخۆییەکانی کۆتایی کۆمار، جۆرێک لە تێکچوونی شیرازەی خێزان بەدیکراوە، ئۆگستۆس ناچاربو دەستوەردان بکات، کۆمەڵێک یاسای دارشت کە هانی منداڵبون و پیرۆزیی ژیانی هاوسەرگیری دەدا (Starr, 1982: 27)؛ وەک یەکەم ئیمپراتۆری ڕۆما لە ساڵی ١٨ پێش زایین سەرنجی خۆی خستە سەر چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێو دەستەبژێری ڕۆمانیدا، وادیارە تا دەهات هاوسەرگیری کەمتر دەبووەوە و هاوسەرگیریی بێمنداڵیش خەریکبو ببێتە شتێکی باو، ئامانجی ئۆگستۆس هەم گەڕاندنەوەی ئەخلاقەکان بو، هەم دڵنیابون لە زیادبونی ژمارەی دانیشتوان، بە تایبەتی لەناو ئەم چینەدا (Zager, 2014: 38). بە گوێرەی سویتۆنیۆس، ئۆگستۆس پێداچونەوەی بە یاساکانیدا کرد و لە هەندێک حاڵەتدا یاسای نوێی دەرکرد، بە تایبەت ئەوانەی پەیوەستن بە داوێنپیسی، پاکیزەیی، و ڕێکخستنی هاوسەرگیری (Suetonius., Augustus, 34)، بە بڕوای ئێمە ئەم جۆرە مامەڵەی ئۆگستۆس لە پرسی هاوسەرگیری، جۆرێک لە دژبەری دروست دەکات، بەو پێیەی لەلایەک، هاوسەرگیری قەدەغە کرد، لەلایەکی تر، بە بیانوی تێکچونی مۆراڵ و شیرازەی کۆمەڵایەتی هانی هاوسەرگیریی مەدەنی دەدات، کەچی بیری لە لێکەوتەکانی قەدەغە بۆ سەربازان نەکردۆتەوە. ئەگەر ئەو بۆچونەی توێژەر فانگ پێشنیاری کردووە قبوڵبکەین، بەوەی ڕەنگە هەستی سەردەمی ئوگستۆس ئەوە بوبێت کە سەربازانی ڕۆمانی نابێت تێکەڵی ژنانی نارۆمانی بن، بەتایبەت لەو ڕوانگەیەوە کە ئەزمونی ئەنتۆنی و کلیۆپاترا نمونەیەکی نەرێنی بووە، لەهەمان کات دەتوانرێت خۆی لە یاسای کۆنوبیۆم[٤] (conubium) بپارێزرێتم، ئەگەر سەربازێکی هاووڵاتی ڕۆمانی دوای مانومیشن (Manumission)[٥] و هاوسەرگیری لەگەڵ کۆیلەیەکی دیلدا بکات، وەک ژنێکی ئازاد دەبێتە هاووڵاتی ڕۆمانی (Phang, 2000: 344-345)، یان لەوانەیە بونی ئافرەت لەگەڵ سەرباز، زۆرجار بە هۆکاری شکست دانرابێت، تاکیتۆس نمونەیەک دەهێنێتەوە، کاتێک کەسێک بە ناوی سیێنیۆس پایتۆس لە ئەرمینیا توشی شکست بو، بەهۆی بڵاوەپێکردنی هێزەکانی بە شێوەیەکی زۆر بەرفراوان، بەشێکیش بۆ پاراستنی ژن و کوڕەکەی (Tac. Ann. 15.10.6). پێویستە ئەمەش بگوترێت دامەزراندنی سوپای پیشەیی بێئەنجام نەبو؛ یەکێکیان دژایەتیکردنی باجی نوێ بو بۆ دابینکردنی بودجەی گەنجینەی سەربازی، ئەوەی تر لە وەڵامی ئەو مەرجانەی خزمەتکردن بو کە بەسەر سەربازەکاندا سەپێندرابو، کە بە مردنی ئۆگستۆس لە ساڵی ١٤دا گەیشتە لوتکە؛ لەشکرەکانی سنوری باکور یاخی بون، لە پانۆنیا، سەربازەکان داوای کەمکردنەوەی ماوەی خزمەتکردنیان کرد (Breeze, 2016: 33).

دروستکردنی کەمپی سەربازیی هەمیشەیی بە پلەی یەکەم بەدرێژایی سنورەکانی ئیمپراتۆریەت، بەو واتایە بو کە سەربازەکان بۆ دەیان ساڵ لە ماڵەوە دوربخەنەوە، زۆرجار توانیویانە ژیانێکی نوێ بۆ خۆیان لەو پارێزگایەدا دروست بکەن کە خزمەتیان تێدا دەکرد، هەروەها ئەمە وای لێدەخوێندرێتەوە کە مەبەستدار بوبێت تا سەربازە دێرینەکان (Veteranus) لە دەوروبەری خاڵی خزمەتکردنیان بهێننەوە، لەبری ئەوەی بگەڕێنەوە ماڵەوە (Bruun, 2016: 181). هەرچەندە چاوەڕواندەکرا سەربازێکی سەردەمی پرینسیپات[٦] (Principate) بەشێکی بەرچاوی ژیانی لە سوپای ڕۆمادا بەسەرببات، بەڵام بونیشی هەرگیز بە تەواوی لە جیهانی مەدەنی جیانەبووەتەوە، ڕاستە لەگەڵ خۆتۆمارکردن و ڕۆشتن بۆ یەکە دیاریکراوەکەی لەوانەیە خانەوادە و ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی لە شارەکەی خۆی بەجێبهێڵێت، لە ماوەی خزمەتەکەیدا لەوانەیە نامەیەکی بۆ ماڵەوە بنێردرێتەوە، یان داوای مۆڵەت بکات و دەرفەتەکە بقۆزێتەوە بۆ سەردانی خێزانەکەی، و لەگەڵ خانەنشینبوونیدا ڕەنگە بە شێوەیەکی جۆراوجۆر لە کۆلۆنییەکی تایبەت بە سەربازە دێرینەکان نیشتەجێبێت، لەو پارێزگایەدا بمێنێتەوە کە تێیدا خزمەت دەکات، یان ڕەنگە بە سادەیی بگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی (Manklow, 2020: 107).

ئەو قەدەغەی هاوسەرگیرییەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، تا ساڵی ٢٠٠ زایینی بەپێی یاسای ڕۆمانی، سەربازەکان ڕێگەیان پێنەدەدرا تا ئەو کاتەی سەربازین هاوسەرگیری بکەن، بەڵام ڕێگری نەدەکرد لە بەستنی پەیوەندی لەگەڵ ژنان. لەڕاستیدا لە کاتی خانەنشینبون، دان بەوجۆرە پەیوەندیانە دەنرا تا ئەو ڕادەیەی کە سەربازە یارمەتیدەرەکان مافی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو ژنەی کە هەیانبو کاتێک ڕەگەزنامەیان پێدرابو یان پێدەبەخشرا، یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەو یاسایە ئەوە بو کە دەوڵەت ناچار نەبو پارەی گواستنەوەی بنەماڵەی سەربازەکان بدات، لە کاتی گواستنەوەیان (Breeze, 2016: 92). دیارە قەدەغەکردنی هاوسەرگیری ڕێگری لە سەربازەکان کرد کە ماڵێکی جیاواز پێکبهێنن. ئەم جیابونەوەی سەربازانە خۆی لەخۆی سەرهەڵدانی وەک گروپێکی جیاواز خۆی نمایش و تەواو دەکرد، کە جگە لە وردە وردە پیشەییکردن و جیاکردنەوەی کۆمەڵایەتیی سەرباز دەگەیەنێت، دەکرێت هەوڵێک بوبێت بۆ چاندنی ئایدۆلۆژیای سەربازی، بەتایبەت لە نێو گەنجانی ئەرستۆکراتی ڕۆمانیدا (Alston, 2013: 209-210). دەشێت ئەمە بێت کە لە ڕوانگەی تیۆری پێکهاتەسازی بریتی بێت لە زاووزێ و نوێبونەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، کە ئەنجامی کارلێکی تاکە لەگەڵ ژینگە نوێیەکەیدا.

ڕێگریکردن لە هاوسەرگیری، ڕەنگە دەرفەتی بۆ کاری نەشیاو ڕەخساندبێت، هەندێک ئاماژە هەن، کە تیشک دەخەنەسەر هەبونی تۆڕێکی لەشفرۆشی؛ پێدەچێت سەربازانی جێگیر لە قەڵاکان پەیوەندییان لەگەڵیاندا هەبوبێت (De Ligt, 2016: 13). شایانی باسە پێدەچێت دیاردەی لەشفرۆشی مێژوویەکی کۆنتری هەبوبێت، واتە پێش قەدەغەکردنەکە، بە بەڵگەی ئەوەی سکیپیۆ ئایمیلیانۆس کاتێک لە سەدەی دووەمی پێش زایین فەرمانداریی سوپاکەی گرتەدەست، دوهەزار لەشفرۆشی لە ئۆردوگاکە لە نومانتیا فرێداوەتە دەرەوە، لە سەردەمی کالیگولا (٣٧-٤١زایینی) ەوە، دەبوو لەشفرۆشەکان تۆمار بکرێن و باج لەسەر داهاتەکانیان دەدرا، باجەکە لەلایەن سەربازەکانەوە کۆدەکرایەوە (Breeze, 2016: 93). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بە ڕواڵەت سەربازەکان دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ ژنان ببەستن، هەندێکیان بەشێوەی هاوسەرگیریی نایاسایی ئەمانە زۆرجار دەیانتوانی لە نزیک سەربازەکان لە خودی کەمپەکەدا بژین، پاشان سەربازەکان دوای دەرچونیان، واتە

دوای تەواوکردنی خزمەتی سەربازییان، دەرفەتی پەروەردەکردنی منداڵەکانیشیان بۆ دەڕەخسا و دواتر شەرعییەتی پێدەدرا (Hoss, 2014: 45). وای بۆدەچین ئەم پرسی ئەخلاقییە کۆمەڵایەتییە، کاریگەریی درێژخایەنی هەبو.

بەوپێیەی بەڵگەکان باش نین، بۆچونی دژبەیەک هەن سەبارەت پرسی هاوسەرگیریی سەربازی[٧]، ئەمەش زیاتر ڕەهەندەکانی پشت قەدەغەکردنی ئاڵۆزتر کردووە؛ توێژەر ساگ (Sage) هەڵوەستەی لەسەر ئەم بابەتە کردووە، پێیوایە هاوسەرگیری هەبوە، بەڵام لەوانەیە لەلایەن ئۆگستۆسەوە بۆ سەربازەکان تا پلەی سەدسەرباز (centuria) قەدەغە کرابێت (Sage, 2020: 151-152)، پێناچێت ئەو قەدەغەکردنە کاریگەریی لەسەر فەرماندەکانی سوارچاکی یان سیناتۆرەکان هەبوبێت، بەو پێیەی ئەوان کەوتبونە ژێر ڕێسایەکی جیاوازەوە، بۆ نمونە ڕێگری لە بەڕێوەبەرانی پارێزگاکان دەکرد لە پێکهێنانی پەیوەندی لەگەڵ ژنانی ئەو پارێزگایەی کە تێیدا خزمەتیان دەکرد، بەڵام هەمو پلەکان تا سەدسەرباز کاریگەریی قەدەغەکردنەکەیان لەسەر بووە (Manklow, 2020: 34). کەواتە تەنها سەربازە ئاساییەکان لە هاوسەرگیریی یاسایی قەدەغە کرابون، ئەفسەرانی پلەیەکی دیاریکراو ڕێپێدراوبون لە هاوسەرگیریی یاسایی و دەیانتوانی خێزانەکانیان لەگەڵ خۆیان ببەن بۆ ناو ژینگەی سەربازی (Greene, 2020: 150). هەروەها ئەلیسۆن، بۆچونی توێژەر کوڵین ویڵزی هێناوەتەوە، ئاماژەی بەوە کردووە تەنانەت لە کاتی قەدەغەکردنەکەدا، سەربازە دێرینەکان ڕێگەیان پێدرابو هاوسەرگیری بکەن و منداڵەکانیان ڕەگەزنامەیان پێدەدرا، بۆیە کچەکانی سەربازە دێرینەکان، هەروەها کوڕەکانیان، بەشێک دەبون لەم کۆمەڵگە سەربازییانە و ژنە هاوولاتییان، و نەوەیان بۆ سەبازە دێرینەکان و ئەفسەرانی زیاتر دابین دەکرد (Allison, 2013: 20).

دواتر یەکێک لە کارەکانی ئیمپراتۆر سیڤێرس ١٩٣-٢١١ز گێڕانەوەی مافی هاوسەرگیری بو لە کاتی خزمەتدا، بە گوێرەی هێرۆدیان، جگە لە پێدانی بڕە پارەیەکی زۆر بە سەربازەکان، یەکەم کەس بو مۆڵەتی لەبەرکردنی ئەڵقەی زێڕین و مافی ژیان لەگەڵ هاوسەرەکانیانی پێ بەخشین (Herodian, 3.8.4-5). پێدەچێت قەدەغەکردنی ئەم هاوسەرگیریانە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر دیسیپلین سەیر کرابێت؛ بەگوێرەی سوتینیۆس، ئۆگستۆس دیسپلینی بە توندی جێبەجێ دەکرد، تەنانەت هاوەڵەکانیشی ڕێگەیان پێنەدەدرا سەردانی ژنەکانیان بکەن، تەنها لە زستاندا نەبێت (Suetonius., Augustus, 24) ، ئەمەش مانای ئەوەیە بۆ هەندێک لە خاوەن پۆستەکان قەدەغەکراو نەبوە، بەپێی تاکیتۆس، لە کاتی یاخیبوونێک لە ناوچەی ڕاین، لە ساڵی ١٤ی زایینی، جێرمانیکۆس، ئەگریپینای دوگیان ڕازی کردبو کە ئۆردوگاکە بەجێبهێڵێت (Tac, Ann. I, 41). سەرەڕای ئەم ئارگیۆمێنتە، بە لەبەرچاوگرتنی پاڵنەرە سروشتییەکانی مرۆڤ، قەدەغەکردنی گروپێکی وەها گەورە، هەرگیز بێکاریگەری و لێکەوتە نەبوە؛ وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، سەربازەکان بە شێوەیەکی سروشتی پەیوەندییان لەگەڵ ژنانی ناوچەکە دروست دەکرد، کە بەزۆری نارۆمانی بون. نەبونی پەیوەندییەکی یاسایی دانپێدانراو لە نێوان سەربازەکە و هاوسەرە دیفاکتۆکەیدا کێشەی لێدەکەوتەوە، یەکێک لەو گرفتانە هەر منداڵێک لە کاتی خزمەتدا لەدایک بوبێت بە پێناسە ناشەرعی بو، تەنانەت ئەگەر منداڵەکە نەوەیەکی هاوسەرگیریی یاسایی بوبێت، کە پێش ئەوەی سەربازەکە بچێتە خزمەتەوە گرێیەستیان کردبێت. هەروەها قەدەغەکردنەکە کێشەیەکی زیاتری لێکەوتەوە بۆ زیادکردنی ژمارەی دانیشتوانی هاوولاتیان، کاتێک پیاوانی ڕۆمانی بێهاوسەر بون، هەندێک لە ئیمتیازاتی یاسایی هاوولاتیبونیان لێ زەوتدەکرا (Sage, 2020: 151-152).

پێدەچێت کاریگەرییەکی تری قدەغەکردنی هاوسەرگیری بابەتی دیمۆگرافی بێت، بەو پێیەی هۆکارە سەرەکییە دیمۆگرافییەکان کە دانیشتوانێک لەقاڵب دەدەن، بریتین لە مردن، هاوسەرگیری و منداڵبون، ئەگەر ئێمە لێرەدا پرسی مردن پشتگوێبخەین، ڕەنگە شێوازی هاوسەرگیری و منداڵبونی سەربازەکان بەهۆی خزمەتکردنی درێژخایەن لە دەرەوەی وڵات شێوابێت، ئەو گەنجانەی چونە ناو سوپاوە، بەزۆری دە ساڵ و زیاتر پێش هاوسەرگیریکردن و پەروەردەکردنی خێزان خزمەتیان دەکرد، ئەمەش دواکەوتنێکی بەرچاو بو بە بەراورد لەگەڵ کەسانی مەدەنی (Phang, 2011: 128-129). ئەگەر ئەم بۆچونانە قبوڵکراوبن بەوەی ئیمپراتۆر سێپتیمیۆس قەدەغەکردنی هاوسەرگیریی هەڵوەشاندەوە، پێدەچێت پاڵنەریان بە پێویستی دەستەبەرکردنی دڵسۆزی سوپا لە دوای هاتنی بۆ سەر تەختی دەسەڵات بوبێت، هەروەها ڕەنگە هەوڵی زیادکردنی دامەزراندنی دابێت دوای تاعونی (پەتای) ئەنتۆنین و شەڕە ناوخۆییەکانی ساڵانی ١٩٣-١٩٧، کە ژمارەی سوپاکەیان کەمبوبێتەوە (Lee, 2009: 148). لە پێناو چەسپاندنی دەسەڵاتی بنەماڵەکەی، ئەمە تەنها کاری سیاسی و سەربازیی ئیمپراتۆر سێپتیمیۆس سیڤێرس نەبوە، ناچاربو بەدوای ڕێگەی جۆراوجۆردا بگەڕێت بۆ دەستەبەرکردن و پاساوهێنانەوە و شەرعیەتدان بە دەسەڵاتەکەی. بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە، لەنێو نەیارە سیاسیەکانی پاکتاوکرد، لە پایتەخت دەستی بە بەرنامەیەکی بیناسازی گرانبەها کرد و وەک نەریتێکی کۆن فێستیڤاڵی گشتیی ئەنجامدا (Rantala, 2017: 1). ئەم کارەی ئیمپراتۆر سێپتیمیۆس سیڤێرس شتێکی تازە نەبو، واتە بەخشینی ئیمتیازات بۆ مەبەستی سیاسی و سەربازی، ئیمپراتۆرەکانی پێشتریش درکیان بەوە دەکرد کە بەخشینی ئیمتیازاتی یاسایی بە سەربازەکانیان دەتوانێت ببێتە هۆی بەدەستهێنانی دڵسۆزییان، تەنانەت لە کۆتایی کۆماردا باو بووە، بۆ نمونە، یولیۆس قەیسەر تێگەیشتبو کە بڕیارەکەی بۆ ڕێگەدان بە سەربازەکانی مافی وەسیەتنامەیەک کە دوربێت لە مەرجە یاساییە ئاساییەکان، ئەم سەربازانە زیاتر بە دۆزی خۆیەوە دەبەستێتەوە، ئەگەر ئەم بڕیارە لەکاتێکدا هێشتا لە وڵاتی گالدا بوبێت، ئەوە نوێنەرایەتیی هەنگاوێکی ستراتیژی دەکات کە بۆ کۆکردنەوەی دڵسۆزی لە پێش ململانێی حەتمیەکەی لەگەڵ نەیارەکانی لە ڕۆمادا، هەروەها لەسەردەمی ئیمپراتۆرییەت لەلایەن هەندێ لە ئیمپراتۆرەکان بەپێی باردۆخەکان بەکاریان هێناوە و وەستاندویانە، لە کۆتاییدا لەلایەن ئیمپراتۆر تراجان بە فەرمی کرا (Hebblewhite, 2017: 121). شایانی باسە، پاڵپشتیی سەربازی بۆ ئیمپراتۆرەکان گرنگ بو، ئەم ڕەوتە لە سەدەی سێیەمی زایینی گەیشتە لوتکە، ئیمپراتۆر دیۆکلیتیان (٢٨٤-٣٠٥ز) کە ئەندازیاری قۆناغێکی نوێی سەقامگیریی سیاسی بۆ

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp132-146

ئیمپراتۆریەتەکە بو، وێڕای لێهاتویی و توانا سەربازییەکەی، سوپا بۆ بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی دژی فارسەکان هەڵیانبژارد (Zonaras 12.30)، کەواتە بڕیاری سێپتیمیۆس سیڤیرۆس، بە زیادکردنی موچە و لابردنی قەدەغەی هاوسەرگیری، واتە پێدانی مۆڵەتی هاوسەرگیریی یاسایی پاڵنەر و سەرنجڕاکێشتر بون بۆ خزمەتی سەربازی (Phang, 2000: 368). بە بڕوای ئێمە قەدەغەکردنی هاوسەرگیری کاریگەریی لەسەر پرسی دانیشتوان و دیمۆگرافیا هەبوە، دواجار لێکەوتەی لەسەر لایەنی مرۆیی دەبو بۆ دابینکردنی هێزی مرۆیی سوپا.

توێژەر ئەلیسۆن ئاماژە بەوە دەکات، ڕون نییە کە ئایا چاکسازییەکانی سێپتیمیۆس سیڤێرس لەساڵی ١٩٧ی زایینیدا هاوسەرگیریی یاسایی بە سەربازە ئاساییەکان داوە، یان ڕێگەی بە سەربازەکان داوە لەگەڵ ژنەکانیان لە دەرەوەی دیوارەکان بژین، بەڵام دووەمیان بەدور نازانرێت، چونکە دو سەدەیە ئەم کارەیان کردووە، هەروەها توێژەری تریش پێیانوایە لانیکەم تا کۆتایی سەدەی دووەمی زایینی ئەم جۆرە خێزانانە لە ناو دیواری کەمپ و سەربازگەکان نیشتەجێ نەدەبوون (Allison, 2013: 24-25)، بەڵام توێژەر هێبلوایت، جەخت لەوە دەکاتەوە کە سێپتیمیۆس سیڤێرس ڕێگەیدا سەربازەکان هەمان مافی هاوسەرگیری و خێزانێکیان هەبوە، کە هاووڵاتیانی دیکەی ئیمپراتۆریەتەکە بەدەستیان هێناوە، سەربازەکان تا پلەی سەدسەرباز و لەوانەش پێشتر مافی فەرمیی هاوسەرگیری و ژیان لەگەڵ خێزانەکانیان بێبەش کرابون، هەرچەندە لە پراکتیکدا زۆربەیان بە هەر شێوەیەک بێت مافی ئەوەیان پێدەدرا. ئەو پێیوایە بەم شێوەیە دابینکردنی ئەم ئیمتیازە یاساییە بە ڕونی مەبەست لێی دروستکردنی نیازپاکی بووە بۆ دۆزی پێگەی خۆی لە نێو سەربازەکاندا، بەتایبەت کە ئیمپراتۆر ئەم بڕیارەی لە دوای سەرکەوتنی بەسەر نەیارەکانی هەر یەکێک لە پێرسینیۆس نیجەر و کلۆدیۆس ئەلبینۆسدا لەدەسەڵاتداوە، کە هەردوکیان دڵسۆزیی بەشێکی زۆری سوپاکەیان مسۆگەر کردبو، (Hebblewhite, 2017: 125). دەگونجێت پاڵنەرەکان زۆربن، بەڵام دواجار پاشخانی سەربازیی ئیمپراتۆر، کات و هەلومەرجی ئەم بڕیارەی کاریگەریی سەربازیی لێدەخوێندرێتەوە، بە هۆکاری ململانێی سیاسی و سەربازییەکان کە لەو قۆناغ و هاتنە سەرکاری بۆ دەسەڵات لە ئارادابون.

دوای بەخشینی مافی هاوسەرگیری، ئیمپراتۆرەکانی دواتر نەک دژی وەستانەوە، بەڵکو هەوڵیاندەدا سەرمایەگوزاری لە پێکهاتەی بنەماڵەیی سوپاکە وەربگرن؛ بە دڵنیابون لەوەی منداڵانی سەربازە خزمەتکارەکان شوێنپێی باوکەکانیان دەگرن و دەبنە سەرباز، بەتایبەت لە سەردەمێکدا کە خزمەتکردنی سەربازی، کەمتر و کەمتر خواستراو بو. ئیمپراتۆرە یەکلەدواییەکەکان هەوڵیاندەدا دڵنیابن لەوەی سوپا بونێکی خۆ پڕکەرەوەیە بەو مانایەی لە نێو خۆیدا توانای پڕکردنەوە یان دابینکردنی سەربازی هەیە، بەڵام دروستکردنی سەرباز و خێزانەکانیان وەک کاستێکی یاسایی لە سەدەی چوارەمدا بو بە کێشە و لێکەوتەی هەبوە، چونکە ئیمپراتۆر دەبو بڕیار بدات کە ئایا ئانۆنا (Annona)[٨] تەنها بۆ سەربازەکە یان بۆ تەواوی خێزانەکە دابین بکرێت (Hebblewhite, 2017: 125). هەرچەندە داتای پێویست لە بارەی ژمارەی وەرگیراوانی منداڵانی سەرەبازەکان لە سوپا بەردەست نییە، بەڵام ئەگەر ئەم خۆپڕکردنەوەی سوپا بە منداڵی سەربازەکان ڕێژەییش بێت، ئەوا بە تێگەیشتنی ئێمە لە چوارچێوەی تیۆری پێکهاتەسازی جێگای دەبێتەوە و جۆرێکی نوێ لە نوێبونەوەی پێکهاتە و هەیکەلی سوپای لێکەوتۆتەوە.

جێگای باسە، قەدەغەکردنەکە ڕێگریی لە سەربازەکان نەکرد، پەیوەندی لەگەڵ ژنانی ئەو ناوچەیە ببەستن کە تێیدا خزمەت دەکەن، بەڵام لە ڕوانگەی یاسای ڕۆمانییەوە، ئەندامانی خێزانەکە هیچ پێگەیەکی یاسایی دانپێدانراویان نەبوە، بەڵام ئیمپراتۆرەکانی دواتر، بە نمونە هادریان ١١٧-١٣٨ز، هەندێک ئیمتیازاتی سەبارەت بە مافی میراتگری منداڵانی سەربازەکان لە ساڵی ١١٩ زایینی دەرکرد؛ کە ئەو منداڵانەی لە ماوەی خزمەتکردنی سەربازیدا پەیدابون، دەتوانن داوای خاوەندارێتیی موڵک و ماڵی باوکیان بکەن (Lee, 2009: 148). لێرەدا کاری ئێمە نییە قسە لە ڕێوشوێنەکانی ئەم فەرمانە و ڕێژەی جێبەجێکرانی بکەین، بەڵکو مەبەستمانە بڵێین پێدەچێت کاریگەریی سەربازی و ڕەهەندی سەربازی لەپشت بوبێت، تا ئەم منداڵانە لە ڕوی هێزی مرۆییەوە جێگرەوە و شوێنپێی باوکیان بکەون و کێشە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانی میرات چارەسەر بکات.

تا ئێستا بە تەواوی ڕەهەندی پشت قەدەغەکردنی هاوسەرگیریی یاسایی جێگای مشتومڕە؛ توێژەر (Scheidel) تێگەیشتنە سەردەمییەکانی تاوتوێ کردووە، دەڵێن ئەم سیاسەتە بۆ دروستکردنی حەوزێک لە کوڕە ناشەرعییەکان داڕێژراوە، کە لە ژینگەیەکی سەربازیدا گەورەبون و هاندەرێکی بەهێزیان هەبوە بۆ پەیوەستبون بە سوپاوە، بۆ بەدەستهێنانی هاووڵاتیبون (Scheidel, 2007: 418-419). بە تێگەیشتنی ئێمە، بەردەستنەبونی بەڵگە مانای وانییە ئەم بۆچونە ڕەتبکرێتەوە، بەڵکو تا ڕادەیەک لۆژیکییە و پێویستی بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچونی ورد هەیە. هۆکاری تر لە ڕاگەیاندنی قەدەغەکردنی هاوسەرگیریدا، ڕەنگە ئۆگستۆس هەوڵیدابێت خۆی لە ئاسەواری شەڕی ناوخۆ دوربخاتەوە؛ بە ڕێکخستنەوەی پەیوەستی بکات، لەنێویاندا دیسیپلینی سوپا، هەروەها دەشێت پاڵنەری ئەوەی کە ژن و منداڵان بەربەست بون لەبەردەم گواستنەوەی سەربازەکان، یان قەدەغەکردنەکە پەیوەندیی بە داراییەوە هەبوبێت، بەوەی سوپا نەیدەویست موچەی سەربازەکان زیاد بکات، بەمەش سوپا لە داواکاریی یاسایی خێزانی سەربازەکان ڕزگاری دەبو، بەڵام وا دەردەکەوێت کە هۆکاری سەرەکیی قەدەغەکردنەکە سیاسی بووبێت، جیاوازییەکی لە نێوان سەرباز و مەدەنیدا پاراست، سەربازەکەی لەو مەدەنیانە جیاکردەوە (Lee, 2009: 147-148). بۆیە توێژەر کامپبێل هەمان پێشبینی دەکات، کە قەدەغەکردنی هاوسەرگیری لەلایەن ئۆگستۆسەوە بۆ توندکردنەوەی دیسیپلین بووە (Campbell,1984: 302)، بەڵام دەبێت ئەوەش ڕون بێت کاتێک بیر لە دیسیپلینی سەربازی دەکەینەوە، زۆرجار لە ڕوی سزا و ڕێسا و گوێڕایەڵیی فەرمانەکانەوە بیردەکەینەوە، بەڵام لەوە ئاڵۆزترە، بەڵکو دیسیپلینی سەربازی تۆڕێکی کۆنترۆڵکردنە بە توخمە جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان (Brice, 2020b: 113)

بە گوێرەی فانگ، ئۆگستۆس سوپایەکی پیشەیی درێژخایەنی دامەزراند، کە سوپای سەردەمی ئاشتی بو، سوپای کاتی ئاشتی بۆ ئەوەی ناسنامەی سەربازیی خۆی بپارێزێت، دەبو جیاواز لە کۆمەڵگەی مەدەنی بمێنێتەوە، قەدەغەکردنی هاوسەرگیری لەگەڵ ئیمتیازاتی یاسایی دیکە بۆ سەربازەکان، ڕەنگە بۆ پاراستنی ئەم جیابونەوە بوبێت، بە بڕوای ناوبراو، ئەو سەربازەی لە کۆمەڵگەی مەدەنی جیا بووەوە، دەبوە ئامرازێکی باشتری دەسەڵاتی ئیمپراتۆری، بۆ ئەوەی ئەگەر پێویست بو دەتوانرێت لە دژی هاووڵاتیانی مەدەنی بەکاربهێنرێت (Phang, 2000: 340-341)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە هەر هۆکارێک بێت، هەرچەندە پێناچێت ژنان توانیبێتیان لە سەربازیدا خزمەت بکەن یان پۆستی سیاسی یان ئەفسەری سەربازییان هەبێت، بەڵام وەک دایک دەیانتوانی لە پشت تەختەوە حوکمڕانی بۆ ئیمپراتۆرە گەنجەکان بکەن، وەک چۆن دەوترێت ئەگریپینای بچووک بۆ ئیمپراتۆر نیرۆی گەنج (٥٤-٦٨ی زایینی) کردوویەتی، بەڵام دەبینین ژنانی سیناتۆر و سوارچاک دەیانتوانی ببنە خاوەنی موڵک و ماڵی خۆیان، خاوەندارێتیی زەوی و وەک خاوەنکار کاریگەرییان هەبێت، کەواتە ڕۆڵی گشتییان هەبوە، بەتایبەتی وەک قەشە و خێرخواز، توانییان لە مافی خۆیاندا سامان بە میرات بگرن و خاوەندارێتیی بکەن، سەرمایەگوزاریی تێدا بکەن. بەم شێوەیە یارمەتیی بەردەوامبونی باڵادەستیی ئابورییان دەبوو. هەرچی ژنانی پلە نزمترن، واتە خوار دەستەبژێر، ڕەنگە پێداویستییە ئابوورییەکان داوای ئەوەیان کردبێت کە کاری پیاوان ئەنجام بدەن، کاتێک پیاوانی خێزانەکە نەخۆش بون، مردون، یان زۆر گەنج بون بۆ کارکردن (Phang, 2022: 10-11)، کەواتە وەک توێژەر گرین جەختی لێدەکاتەوە، ناتوانرێت ڕۆڵی ژنان پشتگوێ بخرێت، پێیوایە لە کات و شوێنی تردا ڕۆڵی ژنان لە ڕۆتینی ڕۆژانەی سەربازیدا زۆر گرنگ بووە، ژنان بەشێکی بنەڕەتیی کۆمەڵگا بون، لەگەڵ بەشداریکردنی داهات و کار، کە لەلایەن ژن و خێزانەوە دەکرا بۆ بژێوی ژیانی ماڵێکی سەربازیی زۆر گرنگ بو. هاوکات لە کایەی تری وەک، پاککەرەوە، جلشۆر، کرێکاری پەلەوەری و دورین، مامان، پەرستار، ژنانی بەدڕەوشت نیشان دەدەن، ئەمانە هەمو پێویستیی ژیان بون بۆ سوپای ڕۆمانی، کە نزیکی قەڵا ڕۆمانییەکان و نیشتەجێبونی دەرەوەی دیوارەکانیان و ژمارەی ئەو پێکهاتە سەربازییانەی کە لە دەرەوەی دیوارەکانی قەڵاکەدا دەدۆزرێتەوە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە سوپای ڕۆمان درکی بەو پێویستییە کردووە و بەدوای جیاکردنەوەی توندی سەربازی و مەدەنیدا نەبوە (Greene, 2020: 150). بەدڵنیاییی ئەمەش پێویستی بە شوێن بووە، بەڵام خێزانەکان بەتەواوی لە کوێی ژینگەی سەربازیدا دەژیان؟ جێگای مشتومڕ بووە؛ پێدەچێت بنەماڵەی هەندێک ئەفسەر لەناو خودی قەڵاکەدا ژیابن، هەروەها ڕەنگە ژن یان خێزانی سەربازە ئاساییەکان، لە دەرەوەی دیوار، کە وابەستەی خودی قەڵاکە بون، نیشتەجێبوبن. لە ئەڵمانیا و بەریتانیا بەڵگە شوێنەوارییەکان ئەوە دەردەخەن کە سوێنی نیشتەجێبونی دەرەوەی دیوار، زۆرجار هاوکات لەگەڵ قەڵاکە دروستدەکرا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دانیشتوانی ناشەرقان لەگەڵ یەکەکەدا گەشتیان دەکرد و پێویستیان بە خانوبەرە بو، لەگەڵ گەیشتنیان بە شوێنێکی نوێی گاریسۆن[٩] (Greene, 2020: 150-151)، بەڵام ڕەنگە ژمارەیان کەم بوبێت. بەپێی دیۆ، ژمارەیەکی کەم ژن و منداڵ و خزمەتکار، هاوڕێیەتیی ئەو لەشکرانەیان دەکرد کە لەسەر دەستی گەلانی ئەڵمانی لە ساڵی ٩ی زایینی دوچاری شکست بوون (Dio, 61.20. 2-5).

توێژەر ئەلیسۆن پشتی بە چەند توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی- مێژویی بەستووە، کە ژیانی سەربازی ڕۆمانی تێدا پەرەی سەندووە، سەبارەت بە ئەندامانی ئەم کۆمەڵگایانە کە خزمەتیان بە کارمەندانی سەربازی دەکرد، بەڵام پەیوەندییان بە سەربازییەوە نەبو و زۆرجاریش لە ڕوی ئابورییەوە وابەستەی سەربازی بون. لەشکری ڕۆمانی و دانیشتوانی ناشەرقانی پەیوەندیدار بەوەوە وەک کۆمەڵگەیەک بینیوە (Allison, 2013: 19)، بە شێوەیەکی سەرەکی، ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەلیسۆن پشتی پێبەستون، نیشان دەدەن؛ لە نێوان ئەو کەسانەی شەڕکەر نین، ئەندامانی ئەم کۆمەڵگایانە ژن و منداڵ بون لە کۆمەڵێک پێگەی کۆمەڵایەتی و ئاستی وابەستەیی لە خێزان و ماڵەکانی ئەفسەرەکان، لە خێزانەکانی سەربازە ئاساییەکان، ژنە پیشەگەرەکان، کۆیلەی مێینە، تەنانەت لەشفرۆشیش، هەبوون (Allison, 2013: 22). پێدەچیت ئەم هاووڵاتییە ناسەربازیانە لە دەوروبەری قەڵاکانی لەشکری ڕۆمانی نیشتەجێ بوبن، هەروەها لە سەردەمی ئیمپراتۆریدا، بنکە سەربازییە هەمیشەییەکان کانابای (canabae)، کە بەمانای شارۆچکەیەکی مەدەنی دەهات، لەدەوریان سەریهەڵداوە و خەڵکیان بۆ خۆیان ڕاکێشاوە، مەدەنی و ڕەنگە نیشتەجێبوونی بازرگانیش بوبێت کە خزمەتیان بە کەمپەکە دەکرد (Biglino, 2016: 214-215).

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی لە سەرەوە باسکرا، ڕوون دەبێتەوە، ئیمپراتۆری نوێ لە ڕوانگەیەکی سیاسی و سەربازییەوە لەم گرفتەی ڕوانیوە؛ لەڕوی سەربازی وەک توێژەر فانگیش جەختی لێکردۆتەوە، قەدەغەکردنی هاوسەرگیری، گواستنەوەی سەربازەکان لە پارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکی دیکە ئاسانتر دەکات، بەو پێیەی هیچ وابەستەیی پەیوەندیی لەگەڵ خێزان و دانیشتوانی مەدەنیی ناوچەکە نامێنی، یان لانی کەم، کەم دەکرانەوە، لە ئەنجامدا تاکە پەیوەندیی سەربازەکە بە سوپاکەی، کە تێیدا خزمەت دەکات، تۆکمەتر دەکات (Phang, 2000: 358). بە تێگەیشتنی ئێمە ئەو گریمانەیەی پێیوایە هۆکاری قەدەغەکردنی هاوسەرگیریی سەربازی بۆ ئەوە بووە ئاستەنگ بۆ گواستنەوە و جولەی یەکەکان دروست نەکات، تا ڕادەیەکی باش لەڕوی هزری سەربازییەوە ڕێگای تێدەچێت و کردەی سەربازی کارا و چالاکتر دەکات. جێگای باسە، هەر پەیوەست بە جولەی سەربازیی ڕۆمانی لە بواری ئاینیدا، هەر لە چوارچێوەی کاریگەریی کولتوری، نابێ ڕۆڵی سەرباز لە بڵاوبونەوەی بیروباوەڕی ئایینیی بیانی بۆ ناوچەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، فەرامۆش بکریت، بە تایبەتی بەهۆی جولەی خۆیەوە. سەربازی ڕۆمانی بەشداریی لە بڵاوبونەوەی کولتەکان کرد، گواستنەوەی هەمیشەییی تاکەکان و تەواوی یەکەکان بووە هۆی بڵاوبونەوەی نەریتە ئاینییەکان، بەم شێوەیە تەنانەت کولتەکانی ناوخۆیی سنوردار دەیانتوانی بگەنە دورترین بەشەکانی ئیمپراتۆریەتەکە (Stoll, 2007: 468).

دەبێت ئەوەش لە یاد نەکەین، کە زۆرجار سەربازەکان لەگەڵ دەرچونیان لە سەربازی لە شوێنی نادیار جێگیر دەبون، بەڵام هەندێکیان بەو شێوەیە ناسراون

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp132-146

چونەتە ناو ئەنجومەنی پیرانی ناوخۆیی شارەکان، کە لە ڕێگەیەوە بەرژەوەندییەکانی ئەو کۆمەڵگایانەی کە سەر بە خۆیان بون، هەم شارۆچکەکانیان وەک سیڤیل و هەم سوپای وەک سەربازی، بەرەوپێش دەبرد و تەنانەت هانی کارلێککردنیان لە نێوان ئەو دوانە دەدا. سەربازەکان بە شێوەیەکی جۆراوجۆر دامەزران، وەک پەیوەندییەک لە نێوان ئیمپراتۆر و شارۆچکە و سوپا. . (Manklow, 2020: 155)

لە کۆتاییدا، هەرچەندە نوسراوە ئەدەبییەکان داتای تەواو بەدەستەوە نادەن، ئایا ڕێژەی ئەو سەربازانە چەندە، کە لەدەرەوەی قەدەغەدا پەیوەندیی خێزانیان پێکهێناوە بە بەراورد بە ئەوانی پێوە پابەندبوون، بەڵام بە بڕوای ئێمە جگە لە ڕێگریی یاسایی، پێدەچێت ڕێگریی پابەندبونە سەربازی، جوگرافی و کۆمەڵایەتییەکانیش ڕۆڵیان لە کەمکردنەوەی هەبوە. دەکرێت گریمانەی ئەوە بکەین، ئەگەر هەرسێکیان تێکەڵ بکەین، پێمانوایە کاتێک یەکەیەک یان لەشکرێکی سەربازی  لە ناوچەیەک بۆ شوێنێکی تری ئیمپراتۆرییەت گواستراوەتەوە، سەربازەکان لەبەر دیسپلین و ڕێگرییە یاساییە سەربازییەکان، نەیانتوانیوە بە ئاسایی لە کەمپ و سەربازگەکان دەرچن و تێکەڵاویی کۆمەڵایەتیی دانیشتوانی ناوچەکە بکەن. ڕونە؛ کاتێکیش پەیوەندیکردن و تێکەڵاوبون ڕونەدات، ئەستەمە پرۆسەی هەڵبژاردن و هاسەرگیریش ڕوبدات. بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی کەسیەتیی سەربازییەوە لە دیدی مەدەنی ئۆگستۆس و دواتر بەردەوامیی پابەندیی ئیمپراتۆرەکانی تر لە دو سەدەی یەکەم و دووەمی زایینیەوە سەیر بکەین، هەوڵی چاککردنی ژێرخانی مۆڕاڵی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە دراوە. ئەگەر لە ڕوانگەی یەکێک لە بیرۆکەکانی کۆمەڵگەراییش لەم پرسە بڕوانین ئەوا نەک تەنها وەک ژێرخانی کۆمەڵگە سەیرکراوە، بەڵکو بە گرەنتیی بەردەوامبونیشی داناوە، ئەگەرچی وای لێدەخوێندرێتەوە، ئۆگستۆس جگە لە پاراستنی نەریتی، ویستویەتی ژمارەی دانیشتوانی مەدەنیش زیادبێت، لە ئاکامدا بۆشاییی ڕیزەکانی نێو سوپاش لە ڕوی هێزی مرۆیی پڕدەکرایەوە، بەوپێیەی کە هاوسەرگیریی ئاسایی و یاسایی هەبو، ئیتر کێشەی نایاساییبونی وەچەش نامێنێت. بە تێگەیشتنی ئێمە ئەنجامە درێژخایەنەکانی ئەم بابەتە و کاریگەریی بیری سەربازی، زیادبونی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی پرسی خێزان و منداڵی یاسایی و میرات، دواتر بەخشینی مافی میرات بە منداڵانی ناشەرعی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن، هەروەها گرفتی دیمۆگرافی و هێزی مرۆییی سوپا پێچەوانەکەی دەسەلمێنن، بەتایبەت زیادبونی ژمارەی سەربازانی نارۆمانی و ئیتالی لەنێو سوپا و هێزی یارمەتیدەردا، کاریگەریی لەسەر گۆڕینی ڕوی سوپای ڕۆمانی هەبو، لە سوپایەکی ئیتاڵییەوە، لە ڕوی پێکهاتەیەوە، بۆ سوپایەکی نائیتاڵیی تێکەڵ لە تاکی هەرێمەکانی، جگە لەوەش دەستبردنی ئیمپراتۆر سیڤریۆس بۆ هەڵوەشاندنەوەی قەدەغەی هاوسەرگیریی سەربازی، ئاماژەیە بۆ ڕەهەندی سەربازی و کەمیی هێزی مرۆیی و کاریگەرییە ئەخلاقییەکانی کۆمەڵایەتی.

## باسی دووەم: گۆڕانی پێگە و پلەبەندی کۆمەڵایەتی لە کات و دوای ژیانی سەربازی

### یەکەم: گۆڕانی پێگە و پلەبەندی کۆمەڵایەتی

گریمانەیەک هەیە، کە شەڕ- بە تایبەت کاتێک دەبێتە هۆی داگیرکاری- دەتوانێت ببێتە هۆی جوڵەی نێوان چینەکان لەناو کۆمەڵگایەکدا (Patterson, 1993:94-95). ئەگەر ئەم گریمانەیە لەبەرچاوبگرین، ئەوا شەڕ بەشێکی دانەبڕاوی ژیانی ڕۆمانەکان بووە، ئەگەر کەمێک ئاوڕ لە ڕابردوی ڕۆمانەکان بدەینەوە، دەبینین لانیکەم پێش هاتنەسەرکاری ئۆگستۆس، دو دەیە شەڕی ناوخۆی لێکەوتەوە، کە تیایدا سوپا بە قەبارەیەک شەڕیان بۆ دەسەڵاتی ژەنەراڵەکانیان کرد، کە پێشتر لە مێژوی ڕۆمانیدا نەبینراوە، لە بەرامبەر ئەم پاشخانەی پشێوی کۆمەڵایەتییەدا، ئۆگستۆس باڵادەستیی سەربازیی خۆی دامەزراند و ئاشتی و حکومەتی دەستوریی گەڕاندەوە، سیاسەتی لە کۆنەپەرستی کۆمەڵایەتیی سادە تێپەڕی، بەجۆرێک نەخشی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و جیاکاری لە کۆمارەوە بەردەوام نەبو، ئەو نەزمە کۆمەڵایەتییەی کە دایمەزراند، جێگیر و بەردەوام بو، ئەو دابەشبون و گرژییانەی بەهۆی دابەشکردنی نایەکسانیی سامان و پلەوپایە دروستبو، تاڕادەیەک هاوسەنگ کرا (Garnsay, 2015: 131).

بیرکردنەوەی سەربازی و ڕێکخستنی سەربازی لای هەندێک لە فەرماندەکان، ئەگەری گۆڕانی پێگە و چینی کۆمەڵایەتی جوڵەی پێکرد، بەتایبەت وەک زانراوە کە لە نێو دەستەبژێری ڕۆمانی ڕەچەڵەک و سامانی زەوییە میراتییەکان ڕۆڵی ناوەندی دەگێڕا، لەگەڵ ئەوەشدا دەزانین کە لە سەردەمی پرینسیپاتدا جوڵەیەکی بەرچاو لە ناو دەستەبژێرکان و دەرەوەی دەستەبژێرکاندا ڕویداوە (Tacoma, 2015: 125-126)، کە پێش ئەو سەردەمەش دەشێت بەڵێنی دابینکردنی زەوی بە سەربازەکانی لەلایەن فەرماندە ماریۆس وەک نمونە بهێنینەوە، کە ئەو بیرۆکەیەی دروستکرد کە سوپا دەتوانێت جوڵەی کۆمەڵایەتی وەک ڕێگەیەک بۆ بەدەستهێنانی موڵکی زەوی دروست بکات، کە فشارێکی زۆر لەسەر زەوی لە ئیتاڵیا هەبوو، لە کاتێکدا پێشتر خزمەتکردنی لە لەشکردا ئیمتیازێکی تا ڕادەیەک تایبەت بە چینێکی مامناوەند بو. ئێستا ماریۆس ئەو بیرۆکەیەی لە مێشکی خەڵکدا چاند، کە خزمەتکردنی سەربازی لە ڕاستیدا دەتوانێت ڕێگەیەک بێت بۆ ئەوەی ببێتە ئەندام لە چینی مامناوەند (Gauthier, 2015: 101). دەبێ ئەوەش بزانین  ئەم گۆڕانی پلە بەندییە تەنها پەیوەست نەبو بە سوپا وەک دامەزراوەیەکی سەربازی، بەڵکو دەزگایەکی گرنگی وەک ئەنجومەنی پیرانیشی گرتەوە، کە باسی ئەم توێژینەوەیە نییە. بۆچون هەیە، ڕێژەی بەرزی جوڵەی کۆمەڵایەتی لە ئەنجومەنی پیران بۆ لاوازیی سیناتۆرەکان دەگەڕێتەوە، کە نەک هەر نەیانتوانی جێنشینی بۆماوەیی تاکەکەسی بۆ هەموو ئیمتیازاتی سیناتۆرییەکان مسۆگەر بکەن، بەڵکو وەک ئۆرگانێک شکستیان هێنا بۆ پاراستنی هەژمونی خۆیان لە ئەنجومەنی پیران کە پێشتر جێی مشتومڕ نەبوە وەک سەرچاوەی یاسادانەران، دادوەرەکان، کارگێڕان و ژەنەڕاڵەکان، هاتنی ئەم ئەندامە نوێیانە نوێنەرایەتیی گۆڕانی ڕوخساری ئەنجومەنەکەیان دوور لە ئەرستۆکراسییەکی بۆماوەیی دەکرد، پەرەسەندنی بونی سیناتۆرەکانی نا ئیتاڵی، بێگومان، گرنگترین گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بو، کە کاریگەریی لەسەر ڕێکخستنەکە هەبو لە دو سەدە و

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp132-146

نیوی سەرەتای ئیمپراتۆریەتەکەدا (Várhelyi, 2010: 25-29). جگە لەمەش لە ڕۆمای کۆماریخواز ئەرک و ئیمتیازاتی هاووڵاتیان بەندە بە سەروەت و سامانیانەوە، هەر پێنج ساڵ جارێک سەرۆکی بنەماڵە ڕۆمانییەکان دەبو بەهای موڵک و ماڵی خۆیان ڕابگەیەنن، لەسەر ئەو بنەمایە خێزانەکانیان لە نێوان چین و هۆزەکاندا دابەش دەکرد (Cagniart, 2007: 80-81 ). کەواتە، پلەبەندی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕانی باری ئابوری و سەربازی و سیاسی گۆرانی بەسەردا هاتووە. تاک هەمو هەوڵی خۆی دەدا تا پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی شایستە بۆخۆی و بنەماڵەکەی دەستەبەر بکات، لە نێوانیشیاندا سەرباز، کە زۆرجار لەپێناو ئەو ئامانجەدا ئامادەی قوربانی و گیانبەختکردن بووە.

ئیمتیازێکی تری دارایی لە پێگەی سەربازی ئەوە بو، سەربازانی کە بەردەوامن لە خزمەت و سەربازە دێرینەکان و ژن و منداڵ و دایک و باوکیان، لە باج بەخشراون. بە کورتی دەتوانرێت بوترێت لە ڕوی داراییەوە، سەربازەکان وەک گروپێک، بە دڵنیاییەوە، سەر بە چینی ناوەڕاستی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بون (Hoss, 2014: 31-32). بەم شێوەیە بە بڕوای توێژەر هوس، سوپا کۆمەڵگەیەکی هاوتەریبی خۆی لەناو کۆمەڵگەی ڕۆمانیدا پێکهێنا، کە هەندێکجار یاساکانی خۆی تێیدا جێبەجێ دەکرا، جگە لەوەش زۆرێک لە پرەنسیپەکانی کۆمەڵگا بە گشتی قورساییەکی زیاتریان هەبوو، وەک نموونە دەتوانرێت ئاماژە بە پلەبەندییە کۆمەڵایەتییەکان بکرێت، کە پێشتر لە کۆمەڵگەی ڕۆمانیدا بە گشتی زۆر بەرچاو بون، بەڵام لە سوپادا بە پێکهاتە بەهێزەکەیەوە بۆ پلە جیاوازەکان، هێندەی تر وردتربون (Hoss, 2014: 37). سەربازەکان لە لایەن خۆیانەوە لە پاراستنی نەزمی کۆمەڵایەتیدا بە شێوەیەکی پێویست پاداشت دەکرێن، لە حاڵەتی ئەفسەرەکاندا، بەخشینی گەورە لە کاتی خانەنشینبوندا، ئەمەش سەربازە دێرینەکان دەخاتە دۆخێکەوە کە خۆیان وەک ئەندامی گەشەسەندو لە کۆمەڵگا ناوخۆییەکان جێگیربکەن. جگە لەوەش، تا ئەو جێگایەی کە سەربازە دێرینەکان بونە ئەندامی چینی سەرەوە لە پارێزگاکاندا، سودمەند بون لەو پاداشتە فەرمییەی بەم گروپە دەدرا بە گشتی. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە لە بەرامبەر هاوکاریکردن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە بوارەکانی کارگێڕی و دەسەڵاتی دادوەری و یاسا و ڕێسا، دەستەبژێر شارییەکانی هەرێمەکان توانییان دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و ئابوری ناوخۆیی خۆیان بچەسپێنن (Garnsay, 2015: 134). جگە لە سەربازی ئاسایی، ژمارەیەکی باش لە سیناتۆرەکان و خودی ئیمپراتۆرەکان لە ناوچە و هەرێمە دورەکان وەرگیران، لە ئەنجامدا تادەهات جێگەی خێزانە سیناتۆرەکانی ڕۆما و ئیتالیای گرتەوە. سەرەتا چەندین خێزان لە هەرێمەکانی ڕۆژئاوا، دواتر لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، زۆرجار لەکاتی وەرگرتنی ئەم سیناتۆرە نوێیانە گرژی سەریهەڵداوە، بۆنمونە، بەناوبانگترینیان لە دۆسیەی وەرگرتنی گالییەکان بۆ ناو ئەنجومەنی پیران لەلایەن ئیمپراتۆر کلۆدیۆس (Tacoma, 2015: 135)بو، هەروەها ئیمپراتۆرەکانیش لەدەرەوە هاتن، پێدەچێت سەردەمی حوکمڕانی ڤێسپاسیان (٦٩-٧٩ز)، یەکەم ئیمپراتۆر لە دەرەوەی ڕۆما و تراجان، یەکەم ئیمپراتۆر لە دەرەوەی ئیتالیا، بە ڕونی خاڵی وەرچەرخانی دیاری کردبێت (Várhelyi, 2010: 29).

چاکسازییە سەربازییەکانی ئۆگستۆس بریتی بون لە دروستکردنی سوپای پیشەیی، کە لە لەشکر و هێزی یارمەتیدەر و کەشتیگەل و یەکەکانی ناو خودی شاری ڕۆما پێکهاتبو، لە کاتێکدا تەنها هاووڵاتیانی ڕۆمانی لە لیژنەکان و پاسەوانی ئیمپراتۆریدا خزمەتیان دەکرد، لقەکانی دیکە بۆ هەمو پیاوانی لەدایکبوی ئازاد، کراوە بون. بەم شێوەیە پیاوانی بە ڕەچەڵەک و کۆمەڵایەتیی جیاواز لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، دەبو لە ڕیزەکانی خوارەوەی هێزە چەکدارەکانی ڕۆمانی بدۆزرێنەوە (Wesch, 2007: 435). فراوانبونی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، ئاڵنگاریی بۆ ڕێسا کۆمەڵایەتییە کلاسیکی و نەریتییەکان هێنایە ئاراوە و ڕەنگە زیادبونی ژمارەی یاساکان وەک هەوڵێک بۆ سەقامگیرکردنی سیستەمەکە سەیر بکرێت، لەگەڵ فراوانبونی خاکی ئیمپراتۆریەت، پرسی هاووڵاتیبون زیاتر گرنگ بوون؛ گەشەکردنی ئەم ژمارانە وەک مرۆڤ لە پۆستێکەوە بۆ پۆستێکی تر، گرنگتر بو هەم پێناسە بکرێت کە کێ چ جۆرە هاووڵاتیبونێکی هەیە و چ ئیمتیازێکی هەبێت، هەروەها زیادبونی ژمارەی کۆیلە پرسی پێگەی وروژاند، کاتێک کۆیلەیەک گەڕایەوە بۆ دۆخی ئازاد لە ڕۆما، پێگەی هاووڵاتییەکەیشی بەدەستهێنا. ڕونکردنەوەی پێگەی ئازاد و ئازادیی کۆیلە و بە تایبەتی ئەو منداڵانەی لە دایک و باوکی پێگەی جیاواز لەدایک بون، بووە نیگەرانییەکی گرنگی دامەزراوەی یاسایی (Orlin, 2021: 306). کەواتە ئەو گۆڕانی پێگەیە، تەنها دەستەبژێر و سەرباز لێی سوودمەند نەبون، بەڵکو کۆیلەشی گرتەوە. وێڕای ئەو تێڕوانینە دامەزراوەی کە ڕۆما کۆمەڵگەیەکی کۆیلە بووە، بەڵام کۆیلایەتی کراوە بووە، ڕاستە کۆیلایەتی بەرفراوان بووە، بەڵام مانومیشن زۆر بووە و ئازادکراوەکان تا ڕادەیەکی سەرنجڕاکێش، ئەگەر ناوازە نەبێت لەگەڵ کۆمەڵگادا تێکەڵ بون (Tacoma, 2015: 135). شیاوی باسە، لە سەردەمی ڕۆمانیی درەنگدا، مەرج نییە پلە باڵاکانی سەربازی لەلایەن پیاوانی خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتیی بەرز یان ئەوانەی پەیوەندییان لەناو حکومەتدا هەبوە پڕبکرێنەوە، لە کۆتاییدا، تەنانەت سەربازەکانی ناو سوپای یاریدەدەر توانیان پلەیان بەرزبکریتەوە و پۆست بەدەستبهێنن، بە تایبەت ئەو ئەفسەرە یارمەتیدەرانەی کە خوێندەوار بوون و کارامەییەکی تایبەتیان نیشاندابو، زۆرترین ئەگەری ئەو جۆرە پلەبەرزکردنەوانەیان هەبو (Kramer, (2014: 20). بە دیدی ئێمە بیرە سەربازییەکانی پشت هاندان و وەرگرتنی سەربازان، جگە لە سوودە مادییەکان کاریگەریی لەسەر بەدەستهێنانی شکۆمەندیی سیاسی-کۆمەڵایەتی هەبوە، هەروەها بەرزکردنەوەی پێگە و پێشکەوتنی لەناو نەزمی دامەزراوەی سەربازی و چینە مەدەنیەکانی کۆمەڵگە هاتە ئاراوە و پلەبەندییەکی کۆمەڵایەتیی نوێ دروست بو.

لە کۆتاییدا، گێڕانەوەی جۆراوجۆر نیشان دەدەن کە کاریگەرییەکان بەتەواوی ئەنجامی باش بەدەستەوە نادەن، چونکە گۆڕانکاری پرۆسەیەکی سادە نییە، بەڵکو ئاڵۆزە. بۆیە ڕەنگە بە وردی نەتوانرێت ڕون بکرێتەوە کە هزری سەربازی چۆن بووە هۆی گۆڕانکاریی کولتوری و لەچی بوارێکی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا کاریگەریی زیاتری

هەبوو لەو شوێنانەی کە ڕاستەوخۆ کەوتبونە ژێر کاریگەریی سیاسەت و هێزی سەربازیی ڕۆمانی، چونکە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاواز بووە، بۆ نمونە ئەو شوێنە نیشتەجێبونانەی لەلایەن دەوڵەتی ڕۆمانییەوە دروستکراون جیاوازبون لەو شوێنانەی وەک هاوپەیمان و بریکار بەڕێوەبراون، بەڵام تێکەڵبون و کۆکردنەوەیان لە بۆتەی سیاسەت و دەسەڵاتی ڕۆمانی، بێ کاریگەر نەبوە ئەگەر ڕێژەیش بوبێت. ناوەندە شارییەکان و کۆلۆنییە ڕۆمانییە دروستکراوەکان، کە ئامانجی سیاسی و ڕەهەندی سەربازی لە بنیاتنانیاندا هەبوە، لوتکەیەکی ئاڵۆزی زۆریک لە بەریەککەوتنە کۆمەڵایەتییەکانە؛ خاڵی کارلێکی نێوان کولتورە جیاوازەکانی ڕۆمانی لەلایەک، گەلانی داگیرکراو و لکێندراو لە لایەکی تر. هەرچی بابەتی بەخشینی ڕەگەزنامەی ڕۆمانی بو، جگە لە ئامانجی سیاسی و سەربازی و زیادکردنی هێزی مرۆیی، پرسێکی لەخۆگرتنی کۆمەڵایەتی و زاوزێی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەیی بو. بەسەربازیبون، جیابونەوەی کۆمەڵایەتی و بابەتی سەربازی و ناسەربازی نەبوە، چونکە دواجار سەرباز وەک تاکێک بونی خۆی لە چوارچێوەی چالاکی و پەیوەندییەکانی نێو کۆمەڵگەکەی لەقالب دەدات، وەک چۆن بە بیری مارکسی ئەو شتانەی سەرخانی کۆمەڵگەن ناتوانرێت بەجیا لە بەرژەوەندییە بنەڕەتییە چینایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی تێبگەین.

## دووەم: دەرچون (التسريح)، کۆتایی خزمەتی سەربازی و نیشتەجێبون

دوای خانەنشینبونیان لە سوپا، سەربازەکان ڕوبەڕوی هەڵبژاردنی ئەوە بونەتەوە لە کوێ نیشتەجێبن. کۆلۆنییەکان بۆ سەربازە دێرینەکان لە سەرەتای پرینسیپاتدا بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دامەزران، بە تایبەت لە سەردەمی ئۆگستۆسدا، بەڵام هیچ سیاسەتێکی یەکگرتو سەبارەت بە نیشتەجێکردنی سەربازە دێرینەکان نەبو، ژمارەی کۆلۆنییەکان زۆر کەمبو بۆ ئەوەی هەمو خانەنشینەکان لەخۆبگرێت (Roselaar, 2016: 143-144)، هەروەها ئاماژە هەن کە ژمارەیەکی بەرچاو لە سەربازە دێرینەکان کە پێشتر گواسترابونەوە، دوای تەواوکردنی ساڵانی خزمەتکردنیان گەڕانەوە بۆ شوێنی بنەڕەتیی خۆیان، هەندێک لە سەربازە دێرینەکانی دیکە لەو ناوچانەدا مانەوە کە خزمەتیان تیاکردووە یان ڕویان لە ناوچەکانی دیکە کردووە (De Ligt, 2016: 5). سوپا یارمەتیی سەربازە دێرینەکانی نەدەدا ئەگەر بیانویستایە بگەڕێنەوە ماڵەوە یان بۆ شوێنێکی تر، بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی کە تازە دامەزراون، کە پارەی گەشتکردنیان بۆ یەکەکانیان وەرگرتبو، هەروەها دەوڵەت چالاکانە هانی نەدەدان بۆ نیشتەجێبون لە شوێنی تایبەت، بۆ نمونە، ناوچە سنورییەکان، ئەمەش بەو واتایەیە کەمتازۆر ئازاد بون بڕیاربدەن دەیانەوێت دوای دەرچوونیان بەرەو کوێ بچن، بەڵام بەو پێیەی زۆرجار سەربازەکان بۆ ماوەیەکی درێژ لە هەمان شوێن خزمەتیان دەکرد؛ گرنگترین پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لەگەڵ هاوڕێ دێرینەکانیان و سەربازانی هێشتا لە خزمەتی سەربازی بوون، هەروەها دانیشتوانی مەدەنی ئەو ناوچەیەدا بو، کە دواجار خزمەتیان کردووە (Roselaar, 2016: 144).

دیارە بەردەوامیی تەرخانکردنی زەوی بۆ سەربازە دێرینەکان و ئەوانەی خزمەتی سەربازییان تەواوکردبو گرفت بو؛ زەویی گشتی لە ئیتاڵیا ئەوەندە لەبەردەستدا نەبو بۆ نیشتەجێکردنی ئەو ژمارە زۆرەی سەرباز، کە ئۆگستۆس ویستبوی ئازادیان بکات. یەکێک لە شێوازەکانی بەدەستهێنانی زەوی، دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی خاوەن زەوییە دەوڵەمەندەکان بو، ئەمە ئەو کارە بو کە پێشتر سولا و فەرماندەکانی تر کردبویان، بەڵام بێگومان باشترین ڕێگە نەبو بۆ پاراستنی ئەزمی کۆمەڵایەتی، بۆیە ئۆگستۆس ناچار بو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە ڕێگەیەکی دیکە بدۆزێتەوە. لەو پێناوەدا لە ساڵانی سییەکانی پێش زایین پارەیەکی زۆری بۆ کڕینی زەوی لە ئیتاڵیا و لەو هەرێمانەی کە دەیتوانی سەربازە دەرچووەکانی تێدا نیشتەجێ بکات، خەرجکرد (Gauthier, 2015: 186). دیارە لە سەرەتادا پاداشتی سەربازی خانەنشین و دەرچون لە خزمەت، پێش ئۆگستۆس و تا ساڵی ١٣پ. ز. پێدانی پارچەیەک زەوی بو بە سەربازی لەشکرەکان، بەڵام دواتر لەسەردەستی ناوبراو بە بڕێک پارەی کاش گۆڕدرا، بۆ ئەو مەبەستەش گەنجینەیەکی سەربازیی تایبەتی دامەزراند بە ناوی ئایراریۆم میلیتێر (Aerarium Militare)[١٠]، کە لە دەسپێکدا بە بەخشینی بڕێکی سامانی تایبەتی خۆی و دواتر بەمەبەستی بەردەوامبونی چەند باجێکی بەسەر هاوولاتیاندا سەپاند (Keppie, 1984: 128). ئەم گۆڕانکارییە لە گۆڕانی پاداشت، بە بڕوای ئێمە بەهۆی کاریگەرییەکەی بووە لەسەر کەمی و چۆنیەتیی دابینکردنی زەویوزار و ناڕەزایەتیی دانیشتوانەوە بووە، لەهەمان کاتدا بە تێگەیشتنی ئێمە کاریگەرییە نەرێنییەکانی سەپاندنی باجی نوێش لە مەودایەکی دوردا کەم نەبوە.

سەربازە دێرینەکان و منداڵەکانیان پێگەیەکی یاسایی ئیمتیازداریان هەبوە، بۆ نمونە، نەدەکرا سزای توندیان بەسەردا بسەپێنرێت، نەدەکرا بنێردرێنەوە بۆ کانەکان، چونکە ئەمە لە خوار کەرامەتی ئەوانەوە دەبینرا، ئەمەش تا سەردەمی حوکمڕانیی ئیمپراتۆر هادریان پەرەپێدراوە. جگە لەوەش بەپێی ئەو فەرمانانەی کە لەلایەن هەردو ئیمپراتۆر ئۆگستۆس و دواتر دۆمیتیانەوە دەرچووە، سەربازە دێرینەکان لە باجی گومرگی بەخشراون، هەروەها سەربازە دێرینەکان دووەم گروپی کۆمەڵایەتییان لە پارێزگاکاندا پێکهێنا، کە حکومەتی ڕۆمانی لە کارگێڕیدا پشتی پێدەبەستن (Pavlov, 2013: 15). سەبارەت بە هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێکردنی سەربازەکان، یۆلیۆس قەیسەر و ئۆگستۆس سەربازە دێرینەکانیان لە ئیتالیا، بەتایبەت زۆرجار لە شوێنی بەیەکگەیشتن و یەکگرتنی ڕێگاوبانە گرنگەکان هەڵدەبژارد، کە بە هۆیەوە دەسەڵاتی سەربازیی خۆیان لە دەوڵەت دەسپاند، بەڵام ناڕەزاییی خەڵکی مەدەنی سەبارەت بە پێدانی زەوی لە ئیتالیا، بووە هۆی وازهێنان لەم ڕێوشوێنە لەلایەن ئیمپراتۆرەکانی دواترەوە، کە پێیان باشتربو بۆ ئەوەی پارە بدەن بە سەربازەکان (Goodman, 2012: 92)، وەک چۆن دیو کاسیۆس جەختی لێدەکاتەوە، پراکتیکی پێدانی زەوی لەکاتی دەرچوندا دواتر گۆڕدرابێت بۆ بەخشینی پارە(Cassius Dio, 55.23.1).

بە گوێرەی (Patterson) ئەوەی پێی دەگوترێت گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، دەتوانێت گۆڕانکاری لە جوگرافیای کۆمەڵایەتی، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، دابونەریت و ڕەفتار، هونەر و کولتور و چەندین جۆری دیکە لەخۆبگرێت. بەم بۆچونە بێت شەڕە

ناوخۆییەکان و نیشتەجێبونی سەربازە دێرینەکانی سەدەی یەکەمی پێش زایین، بێگومان گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بە قەبارەیەکی گەورە لە ناوخۆی ئیتالیادا ڕویداوە (Patterson, 1993: 108). نابێت ئەوەش لە یادبکەین، کە تەنها تەواوکردنی خزمەتی سەربازی هۆکاری نیشتەجێبون لە دەرەوەی زێدی خۆیان نەبوە، بەڵکو بیرکردنەوەی سەربازیانە و سەپاندنی ڕێوشوێنی سەربازی, بۆ نمونە لە سەردەمی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکانی جووەکانی ٦٦-٧٣زایینی و ١٣٢-١٣٥زایینی ڕویدا، کە لە ڕوانگەی مێژوی کۆچبەرییەوە کاریگەریی سەرەکیی ئەم ڕاپەڕینانە و ڕاپەڕینەکانی تر ئەوە بو، کە بووە هۆی گواستنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کۆچبەران بێ ئیرادە و ویستی خۆیان. ڕەنگە شەڕە ناوخۆییەکان، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، هاندەری جێگیربونی یەکە یارمەتیدەرەکانیش بوبێت لە دەرەوەی وڵاتەکانیان، بۆ نمونە باتاڤییەکان، کە لە نزیک دیواری هادریان لە قەڵای ڤیندۆلاندا جێگیر بون (De Ligt, 2016: 9).

ڕونە کە سەرباز ڕۆڵی گرنگیان لە ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکانیاندا هەبوە، بەڵام ناکرێت ڕۆڵی مەدەنیی سەربازە دێرینەکان پشتگوێ بخرێت، یان لە خزمەتە سەربازییەکانیان جیایان بکەینەوە؛ پێدەچێت بەشێک لە سەربازەکان دوای تەواوکردنی خزمەتی سەربازی بەشدارییان لە ژیانی مەدەنیدا کردبێت، مانکلۆو، ئاماژەی بەوەدا، لە ئیتاڵیا، هەندێک لە سەربازە دێرینەکان، کە خاوەنی پۆستی دادوەری ناوخۆیین، لە بنەڕەتدا لە دەرەوەی ئەو کۆمەڵگەیە هاتون کە پۆستەکانیان تێدا وەرگرتووە، ئەمەش ئامانجێکی ئاسانکاری بۆ تێکەڵبون لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی نوێدا پێشنیاز دەکات نەک وەک مەشقێک. بەشداریکردن لە چالاکییە مەدەنییەکان زۆر گرنگە و ڕێگایەکە بۆ هاندانی دوبارە تێکەڵبونەوەی سەربازەکان بۆ ناو کۆمەڵگەی مەدەنی بەتایبەت دوای تێکچونی ناسنامەی دوانەییان وەک سەرباز و هاووڵاتی لە ساڵانی شەڕی ناوخۆی کۆتایی کۆماریدا، لەو چوارچێوەدا، ئیمپراتۆرئۆگستۆس پاڵپشتیی کردوون (Manklow, 2020: 111). مەرج نییە ناسنامە و کۆمەڵە و پەیوەندییە سەربازییەکان بە کۆتاییهاتنی خزمەتکردن کۆتایی پێبێت، بەجۆرێک کە خانەنشینبون لە خزمەتکردن زەمینەیەکی دیکەی پێشکەش دەکرد کە لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە خۆیان پێناسە بکەنەوە، بۆ نمونە زۆرێک لە سەدوان، بەردەوام بون لە پەیوەستکردنی خۆیان بە پەیوەندییەکانی پێشویانەوە، زۆرجار بە شێوەیەک کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییە دامەزراوەییەکانیان لە سەربازیدا ڕەنگدانەوەی هەبو ( Ward, 2012: 202).

بەو پێیەی باسکرا، پرسی نیشتجێونی سەرباز دوای تەواوکردنی خزمەتی سەربازی، لە ڕەهەندی سەربازی و ستراتیژی درێژخایەنی سەربازی خاڵی نەبوە، لەسەر ئاستی بیرکردنەوەی کەسی، دەبینین کە سولا سەربازە دێرینەکانی لەسەر زەوییە دەستبەسەرداگیراوەکان لەو ناوچانەدا نیشتەجێکرد کە دڵسۆز بوون بۆ ماریۆسی ڕکابەری (Patterson, 1993: 103)، هەروەها نیشتەجێکردنیان لەسەر خاکی داگیرکراو، یان شوێنە ستراتیژییە سیاسی و ئابورییەکان و سەرسنورەکانیش، وەک سیاسەتی دەوڵەت بەدور نازانرێت و سەلمێنەری ئەو ڕایەن.

## ئەنجامەکان

بە کۆتاییهاتنی ئەم توێژینەوە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

یەکەم: تێگەیشتن لە ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی دامەزراوەی سەربازی، هێشتا پێویستی بە تێگەیشتنێکی ورد و گشتگیر لە کۆمەڵگا هەیە، چونکە بونیادی پێکهاتەی سەربازیی سوپا، پشتئەستورە بە پاشخانی کۆمەڵایەتی-ئابووری، لە هەلومەرجی ئاساییدا، ئەو تاکەی کە شایستەی ئەندامێتیی سوپا بو، خاوەنزەوی بو، بۆیە کاتێک لە ڕوی سەربازییەوە بڕیار لەسەر گۆڕانکاریی ئەم مەرجە درا، کاریگەریی لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە و سوپا هەبو، چونکە ڕودانی دینامیکیی کۆمەڵایەتی لە ژێر کاریگەریی چەند هۆکارێکدایە، لەوانە یاسا، پێکهاتەی کۆمەڵگا، کولتور، سیستەمێکی کراوەی چینایەتیی کۆمەڵایەتی.

دووەم: قەدەغەکردنی هاوسەرگیری لەلایەن ئیمپراتۆر ئۆگستۆس، و هەڵوەشاندنەوەی لەلایەن ئیمپراتۆر سێپتیمیۆس سیڤیرۆس، ڕەهەندی سەربازییان هەبوە، بە دڵنیایی کاریگەریی لەسەر داینامیکی ژیانی کۆمەڵایەتیی سەرباز هەبوە، ئەگەر یەکەمیان خەمی دیسپلین و جیاکردنەوەی کایەی سەربازی و مەدەنیی هەبوبێت، ئەوا دووەمیان بۆ ڕاکێشانی دڵسۆزیی سەربازان و چارەسەری هێزی مرۆیی و دیمۆگرافی بووە، هەروەها کێشەی کۆمەڵایەتی-یاسایی، پرسی خێزان و منداڵ و میرات و ئەخلاقی لێکەوتۆتەوە، کە ئەوەی دواییان لە دورمەودا تێبینیکراوە.

سێیەم: سەربازە دێرینەکان و منداڵەکانیان پێگەیەکی ئیمتیازدارییان هەبوە، ئەمەش دەرکەوتینان بو، وەک گروپی کۆمەڵایەتیی جیاواز. ئەم جیابونەوەیە وێنەیەکی تری کۆمەڵگە بو، واتە پێکهاتنی کۆمەڵگەی سەربازیانە، بە تایبەت لە کەمپ و سەربازگە سنوری و هەرێمییەکاندا، کە دەوڵەتی ڕۆمانی لە ئەنجومەنی نێوخۆیی و کاروباری کارگێڕیدا پشتی پێدەبەستن، چونکە جگە لە کایەی سەربازی، دوای تەواوکردنی خزمەتی سەربازی بەشدارییان لە ژیانی مەدەنیدا کردووە و ڕۆڵی دیاریان بینیوە. هەروەها نیشتەجێکردنیان لەسەر خاکی داگیرکراو و شوێنە ستراتیژییەکان، جگە لەوەی دەیانتوانی گۆڕانی سیاسیی چالاک لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگا ئەنجام بدەن. ئەوان، ئەوانە بون کە هاووڵاتیی نوێ مسۆگەر بکەن بە شەرعیەتدان بەو منداڵانەی کە هەیانبو، بەتایبەت ئەوانەی هاووڵاتی نەبون، بەڵکو دوای تەواوکردنی خزمەتە سەربازییەکانیان دەبونە هاووڵاتی ڕۆمانی، کە پێمانوایە ئەمە هەم داینامیکییە، هەم بەپێی تیۆری پێکهاتەسازی نوێبونەوەی کۆمەڵگەیە.

چوارەم: بیرکنەوەی سەربازی و ڕێکخستنەکەی بووە هۆی ئەگەری گۆڕانی پێگە و چینی کۆمەڵایەتی، زانراوە کە ڕەچەڵەک و سامان و زەوییە میراتییەکان ڕۆڵی ناوەندیان لە چینبەندی کۆمەڵگە گێڕاوە، کاتێکیش پێویستی و هەلومەرجی لەناکاو مەرجی موڵک و ماڵ لابرا، دەرگای خزمەتی سەربازی بۆ چینی خوارەوە و خەڵکانی نارۆمانی لە هەرێمەکان و دیاردەی مانومیشنی کۆیلە (کردەی ئازادکردنی کۆیلە) کرایەوە، توانیان پلەبەندی جیا لە نێو سوپا و لە کۆمەڵگەش بەدەستبهێنن. بەم شێوەیە دیدگای سەربازیی ڕۆمانی کاریگەریی لەسەر گۆڕانی پێگە و پلەبەندی کۆمەڵایەتی

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp132-146

هەبووە، کە چەندین کەس بە هۆی داگیرکاری و لەخۆگرتنی گەلانی نا ڕۆمانی و پێدانی ڕەگەزنامە و هاوڵاتیبون، توانییان زۆربەی پۆستەکان، بە تایبەتی سەربازی، وەک سەدەوان، سوارە، سیناتۆر، ئیمپراتۆر بەدەست بهێنن.

## لیستی سەرچاوەکان


Dio Cassius, (1917) Roman History, Volume VI: Books 51-55. Translated by Earnest Cary, Herbert B. Foster. Loeb Classical Library 83. Cambridge, MA: Harvard University Press.

Herodian, (1969) History of the Empire, Volume I: Books 1-4. Translated by C. R. Whittaker. Loeb Classical Library 454. Cambridge, MA: Harvard University Press.

Livy, (2006) *The History of Rome*. Tr: Valerie M. Warrior, Hackett Publishing Company, Inc. Indianapolis/Cambridge

Suetonius, (2000) *Lives of the Caesars*. Tr. Catharine Edwards, 2, New York, Oxford University press.

Tacitus, (2004) The Annals, Translated, With Introduction and Notes, By A. J. Woodman, Hackett Publishing Company, Inc. Indianapolis/Cambridge.

Zonaras, (2009) The History of Zonaras from Alexander Severus to the death of Theodosius the Great, Translation by Thomas M. Banchich and Eugene N. Lane, Routledge.

Alston, R., (2013) Arms and the man: soldiers, masculinity and power in Republican and Imperial Rome. In: Foxhall, L. and Salmon, J, ed. *When men were men: Masculinity, power and identity in classical antiquity*. London and New York: Routledge, pp. 205-223.

Armstrong, J., (2016) *War and society in early Rome*. United Kingdom, Cambridge University Press.

Bang, Peter Fibiger (2012) Predation. Scheidel (Editors). In: The Cambridge Companion to the Roman Economy.

United Kingdom, Cambridge University Press, pp197-217.

Biglino, F., (2016) *The impact of the Roman Republican Army on the Italian economy*. Thiess (PHD) University of London

Breeze, David J. (2016) *The Roman Army*, London and New York Bloomsbury Academic.

Brice, L.L., (2020b) Indiscipline in the Roman Army of the Late Republic and Principate. Brice. (Editors). *New Approaches to Greek and Roman Warfare*, United States, John Wiley & Sons, pp.113-126.

Bruun, Christer (2016) Tracing Familial Mobility: Female and Child Migrants in the Roman West. Luuk de Ligt and Laurens E. Tacoma (Editor) In: Migration and Mobility in the Early Roman Empire, Leiden and Boston, Brill (pp. 176-204).

Cagniart, Pierre (2007) The Age of Overseas Expansion (264–146 bc), Paul Erdkamp, (Editord). *A Companion to The Roman Army*, USA, Blackwell, 80-96.

Campbell, J.B. (1984) *The Emperor and the Roman Army 31 BC - AD* 235. Oxford, Clarendon Press.

Cherry, D., (1990) *The Minician law: marriage and the Roman citizenship*. Phoenix, 44(3), pp.244-266.

Cornell, TIM (1993) the end of Roman imperial expansion, Rich and Shipley, John (Editors). War and Society in the Roman World. London and New York, Routledge, 139-170.

Cui, Siwen (2021) *The Marian Military Reform and Its Effects on the Roman Republic*, In2021 International Conference on Public Relations and Social Sciences (ICPRSS 2021) 2021 Oct 21 (pp. 992-998). Atlantis Press.

De Ligt, L. and Tacoma, L.E., (2016) Approaching migration in the early Roman Empire. Luuk de Ligt and Laurens E. Tacoma (Editor) *In: Migration and Mobility in the Early Roman Empire*, Leiden and Boston, Brill (pp. 1-22).

Frier, B.W. and McGinn, T.A., (2003) *A casebook on Roman family law*. Oxford University Press.

Gauthier, François (2015) *Financing War in the Roman Republic 201 BCE-14 CE*. Thesis (PHD). McGill University.

Giddens, A., (198٤)*The constitution of society: Outline of the theory of structuration* (Vol. 349). Univ of California Press.

Gilliver, Kate (2007) *the Augustan Reform and the Structure of the Imperial Army*. Paul Erdkamp, (Editor). A Companion to The Roman Army, USA, Blackwell Publishing, 183-200.

Goodman, Martin (2012) *The Roman World 44 bc–ad 180*, Second Edition, London and New York, Routledge.

Greene, E.M., (2020) Roman military communities and the families of auxiliary soldiers. Brice, (Editors). *New Approaches to Greek and Roman Warfare*,. United States, John Wiley & Sons, pp.149-159.

Hebblewhite, M., (2017) *The emperor and the army in the Later Roman Empire, AD 235-395*. London & New York, Routledge.

Herz, Peter (2007) *Finances and Costs of the Roman Army*. Paul Erdkamp, (Editor). *A Companion to The Roman Army, USA, Blackwell Publishing, 306-322.*

Hoss, Stefanie (2014) *Cingulum Militare Studien zum römischen Soldatengürtel des 1. bis 3. Jh. n. Chr*. Thesis(phd), Universiteit Leiden.

Rich, John (2007) Warfare and the Army in Early Rome. Paul Erdkamp, (Editors). *A Companion to The Roman Army*. USA, Blackwell, 7-24.

Roselaar, S.T, (2013)The concept of conubium in the Roman Republic. Paul J. du Plessis (Editors) *New frontiers: law and society in the Roman world*, pp.102-122.

Roselaar, Saskia T. (2016) State-Organized Mobility in the Roman Empire: Legionaries and Auxiliaries. Luuk de Ligt and Laurens E. Tacoma (Editor) *In Migration and Mobility in the Early Roman Empire*, Leiden and Boston, Brill (pp. 138-157).

Sage, Michael (2020) *Septimius Severus and the Roman Army*, Great Britain, Pen & Sword Military

Scheidel, Walter (2007) *Marriage, Families, and Survival: Demographic Aspects.* Paul Erdkamp, (Editors). A Companion to The Roman Army, USA, Blackwell Publishing, 417-434.

Starr, C.G., (1982) *The Roman Empire, 27 BC-AD 476: A study in survival.* New York Oxford, Oxford University Press.

Stoll, Oliver (2007) *The Religions of the Armies*. Paul Erdkamp, (Editors). A Companion to The Roman Army, USA, Blackwell Publishing, 451-476.

Tacoma, L.E., 2015. Roman elite mobility under the Principate. *N. Fisher; H. Van Wees (Hgg.), 'Aristocracy'in Antiquity: Redifining Greek and Roman Elites. Swansea*, pp.125-145

Várhelyi, Z., (2010) *The religion of senators in the Roman Empire: power and the beyond*. United States of America, Cambridge University Press.

Ward, G.A., (2012) Centurions: the practice of Roman officer ship. Thesis (PHD), University of North Carolina.

Wesch-Klein, Gabriele (2007) *Recruits and Veterans.* Paul Erdkamp, (Editors). A Companion to The Roman Army, USA, Blackwell Publishing, 235-450.

Zager, Ilona (2014) *The Political Role of Women of the Roman Elite, With Particular Attention to The Autonomy and Influence of the Julio-Claudian Women (44bce to Ce68)*. Thiess (MA), University of South Africa.

Erdkamp Paul (2016) https://oxfordre.com/classics/display/10.1093/acrefore/9780199381135.001.0001/acrefore-97801993811358000;jsessionid=CC4549C9B41077BFFA3D20B341F28996?mediaType=Article

Keppie, Lawrence (1984) *the Making of the Roman Army from Republic to Empire*, London, Routledge.

Kramer, Jessica Colleen (2014) *The Roman Riders: Ethnicity and Iconography on Roman Cavalrymen Tombstones*. Thesis(AM) Brigham Young University.

Lee, A.D., 2009. *War in late antiquity: A social history*. John Wiley & Sons.

Lendon, J.E., (1997) *Empire of honour: The art of government in the Roman world*. Oxford, Clarendon Press.

Manklow, Charles Henry (2020) *Standing by the standards Military rank and social status in the Roman west from Augustus to Diocletian*. Thesis(PHD), University of Cambridge.

MILES, R. (2000) Essay Two: Communicating culture, identity and power. Huskinson (Editors), *Experiencing Rome: Culture, Identity and Power in the Roman Empire*. Routledge, The Open University, 29-62.

Mouritsen, H., (2013) Slavery and Manumission in the Roman Elite: A Study of the Columbaria of the Volusii and the Statilii

: Michele George, (Editors). A Study *Roman Slavery and Roman Material Culture*, 49-68.

Nagy, B.J., (2014) Maniple to Cohort: An Examination of Military Innovation and Reform in the Roman Republic. Army Command and General Staff College fort Leavenworth KS. Thesis (MA), Faculty of the U.S. Army.

Orlin, E.M. ed., (2021) *A Social and Cultural History of Republican Rome.* United States, John Wiley & Sons.

Patterson, John (1993) Military organization and social change in the later Roman Republic. Rich and Shipley, John (Editors). War and Society in the Roman World. London and New York, Routledge, 92-112.

Pavlov, Yuri (2013) The Roman army and social mobility in the Pincipate. Yu.A. Pavlov, (Editors). Social mobility in traditional society: collection of scientific articles. Khabarovsk: Far Eastern State University of Humanities Press, 69-109.

Phang, S.E., (2000) *The marriage of Roman soldiers, 13 BC--AD 235: Law and society on the Roman frontier*. Columbia University.

Phang, S.E., (2011) New Approaches to the Roman Army. Brice, L.L. and Roberts, J.T. (Editors). *Recent Directions in the Military History of the Ancient World*, pp.105-44.

Phang, S.E., (2022) *Daily Life of Women in Ancient Rome*. Bloomsbury Publishing, USA.

Revell, L., (2009) *Roman imperialism and local identities*. Cambridge University Press.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp132-146

## پەراوێزەکان

[١] . لێرەوە قسەکردن لەسەر کۆی تیۆری پێکهاتەسازی درێژەدار دەبێت، ڕەنگە لە مەبەستی سەرەکی توێژینەوەکەمان دوور بخاتەوە، بۆیە ئارەزوومەندان دەتوانن بگەڕێنەوە سەر کتێبی ئەنتۆنی گیدینز بە ناونیشانی (دەستوری کۆمەڵگا هێلکاری تیۆری پێکهاتەسازی)، بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە، (Giddens, 1984).

[٢] . نوخبە: بەکارهێنانی وشەی نوخبە (دەستەبژێر) لەم لێکۆڵینەوەیەدا، مەبەستی ئاماژەیە بۆ چینی ئەرستۆکرات و خاوەن زەوی و زار، نەک نوخبەی ڕۆشنبیری و بیرمەندانی کۆمەڵگە.

[٣] . سەرباز و خێزان: باس لە وردەکاری ژیانی هاوسەرگیری و خێزانی سەربازی ڕۆمانی ناکەین، بەڵکو هەوڵدەدەین شەن و کەوی کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی هزری سەربازی پشت قەدەغەکردنی هاوسەرگیری سەربازان و دوورخستنەوەیان بە درێژایی ماوەی خزمەتیان لە ژینگەی کۆمەڵایەتی ئاسایی بنەڕەتیان بکەین، ئایا لێکەوتە و کاریگەرییە مەودا دوورەکانی لەسەر خێزان و کۆمەڵگە بە گشتی چۆن بووە؟ بۆ ئەوانەی ئارەزووی زانینی وردەکاری گشتی ژیانی یاسایی خێزانی ڕۆمانی و هاوسەرگیری و پەیوەندی بە ڕەگەزنامەی ڕۆمانی دەڕواندرێتە ئەم ژێدەرانە، ( Cherry, D., 1990)، (Frier, B.W. and McGinn, 2003).

[٤] . کۆنبیۆم: بە پێی ئەم یاسایە تاکی ڕۆمانی مافی گرێبەستی هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی بیانیدا هەبوو، بۆ زانیاری دەربارەی یاسای کۆنبیۆم دەڕوانرێتە: (Roselaar, 2013).

[٥] . مانومیشن: بریتییە لە کردەی ئازادکردنی خەڵکی کۆیلەکراو لە تەمەنێکی دیاریکراو لەلایەن خاوەنەکانیانەوە، ڕۆمانەکان یاسای تایبەتیان بۆ ئەم پرسە تەرخان کردبوو، پاڵنەرەکانی مانۆمیشن ئاڵۆز و جۆراوجۆر بوون، لەوانە ئازادکردنی خزمەتکارێکی دڵسۆز بوو لە وەسیەتنامەی خاوەنەکەی دوای چەندین ساڵ لە خزمەتکردن، یان وەک جێبەجێکاری کار و کەسێکی متمانەپێکراو، یان زیرەکی و لێهاتوویی کۆیلە، جگە لەوەش کۆیلە ڕۆمانییەکان کرێیەکیان پێدەدرا، کە دەیانتوانی پاشەکەوتی بکەن بۆ ئەوەی ئازادی بۆ خۆیان بکڕن، بۆ زانیاری زیاتر دەڕواندرێتە، (Mouritsen, 2013).

[٦] . پرینسیپات: فۆرمێکی حکومەتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانییە، بە گشتی ماوەکەی لە سەرەتای سەردەمی ئۆگستۆس لە ساڵی ٢٧ پێش زایین دەستپێدەکات، تا کۆتایی قەیرانی سەدەی سێیەم لە ساڵی ٢٨٤ی زایینی. زۆرجار بە حوکمڕانی ئیمپراتۆرە سەرەتاییەکانی ڕۆمانی ناسراوە، ئەم سەردەمە بە چەند تایبەتمەندییەک جیادەکرێتەوە، لەوانە حوکمڕانی یەک ئیمپراتۆر هەروەها لەو ماوەیەدا هەندێک تایبەتمەندی حکومەتی کۆماری هێڵدرانەوە.

[٧] . هاوسەرگیری سەربازەکان: پرسی هاوسەرگیری سەربازی، بابەتێکی گرنگ و ئاڵۆزە، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ژیانی هاوسەرگیری و ڕێوشوێن و ئالەنگاریی و وردەکارییەکانی بەتایبەت لەسەر سنورەکانی ڕۆمانی، دەروانرێتە: (Phang, 2000)

[٨] . ئانۆنا: بریتی بوو لەو سیستەمەی کە دانەوێڵە و خۆراکی دیکەی بۆ ڕۆما دابین دەکرد، بە ئانۆنا ناسرا. لەماوەی حوکمڕانی ئۆگستۆسدا ئانۆنا گەشەی کرد و بوو بە تایبەتمەندییەکی ناوەندی پەیوەندی نێوان ئیمپراتۆر و دانیشتوانی پایتەخت، وەک لە دراوەکاندا دەردەکەوێت کە لە سەرەتای سەردەمی ئیمپراتۆریەتەوە دەرچوون. لە سەردەمی دواتردا ئانۆنای سەربازیی ( annona militaris) پەرەی پێدرا کە دابینکردنی پێداویستییەکانی سوپای ڕۆمانی دابین دەکرد (Erdkam, 2016, web.).

[٩] . گاریسۆن: کۆمەڵێک سەرباز کە لە قەڵایەک، بینایەکدا دەژین یان لە شارۆچکەیەکدا جێگیر بوون بۆ بەرگریکردن لێی، زۆرجار ئەم زاراوەیە بۆ هەندێک دامەزراوە بەکاردێت کە بنکەیەکی سەربازی یان بارەگایەکی سەربازیی قەڵادار پێکدەهێنن. شارۆچکەی گاریسۆن دەربڕینێکی باو بۆ هەر شارۆچکەیەک کە بنکەیەکی سەربازی لە نزیکەوە هەبێت

[١٠] . ئایراریۆم میلیتێر: گەنجینەی سەربازی ڕۆمای ئیمپراتۆری بوو، لەلایەن ئۆگستۆس، یەکەم ئیمپراتۆری ڕۆمانی، وەک سەرچاوەیەکی داهاتی هەمیشەیی بۆ خانەنشینی (praemia) بۆ پێشمەرگە دێرینەکانی سوپای ئیمپراتۆری ڕۆمانی دامەزراوە، بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە: (Gilliver, 2007).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp132-146